# چرکه

ژماره 26

مۆڵەتی ژمارە (368)سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی وەرگرتووە

گۆڤارێکی سیاسی گشتی ئازادە    سائی سێیەم    ژمارە 26    2010 - 3 - 1    نرخ (1500)دیتار

خاوەن ئیمتیاز:

کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

kale.baran@yahoo.com

سەرنووسەر:

محەمەد فەریق

cherka_mag@yahoo.com

دیزاینی بەرگ :

هوشنگ عمر

Hoshang_sh@yahoo.com

دیزاین:

محەمەد بابان

hama2009@yahoo.com

بۆپەیوەندی کردن

07504412444

0662568812

cherka_mag@yahoo.com

ناونیشان هەولێر:گەڕەکی برایەتی 40 مەتری

دابة شكردن: خانه ی كاوان

07504612568

## سەرۆک بارزانی منی کاندیدکردوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان



## هەڵواسینی وێنەی مامۆستایەکی ئایینیە بە بەرگی مەلایەتی لەسەر دیواری یانەیەکی خواردنەوە کحولیەکان



## هەڵمەتی هەڵبژاردن و دیاردەی دوور لەشارستانیەت و پرەنسیپەیاساییەکان

# پێشمەرگە گەورەترین شانازی نەتەوەی کوردە

ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان وفرمێسکی دایکانی جەرگ سوتاوە.ئازادی ئێستای کوردستان و هەبونی دەسەڵاتی کوردی لە حکومەت وپەرلەمان ودادگاکان بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە.

ئەوەی کە لە ناوەوە ودەرەوەی کوردستان سەبارەت بە کوردستان هەیە و وەکو هەرێمێك خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ بەروبومی بزاڤی پێشمەرگەیە. پێشمەرگە شانازی و ناسنامە و سەروەری کوردایەتییە.پیرۆزی و گەورەیی پێشمەرگە لە مێژووە دێت و وەکو چیاکان بەرز و خۆراگرن.ئەوان پارێزەری ئەم نیشتیمان ونەتەوەیەن.

ئەگەر نەتانزانیوە تا ئێستا وەرن بزانن کە پێشمەرگە هێزێك نییە پێویستی بێت لایەنی تر شەرعیەتی پێ بدات،چونکە پێشمەرگە پارێزەر و بەرگریکەری ڕاستەقینەی شەرەف و کەرامەت و ناموس وسەروەری تاك تاكی کوردە.کەواتە دەبێ بزانرێ کە شەرعیەت دان بە پێشمەرگە لە داستانەکانی مێژووە هاتوە و لە ئازادی ورزگاری و دیموکراسی بونی کوردستان سەرچاوەی گرتوە، شەرعیەتی پێشمەرگە لەو ڕۆژانە دا چەسپاوە کە سەنگەرەکانی بەرگرییان لە شەرافەت و کەرامەتی کوردستان بۆتە قەبر و لانەی خامۆشیان. لە ئازار و ئەشکەنجە و شەونەخونی و برسیەتی و تینویەتی و گەرما وسەرمایەی کە ساڵانێکی دورودرێژ چێشتیان چەسپاوە.جگە لەوە هێزی پێشمەرگە لە ڕوی قانونی و مێژویی و ویژدانی مرۆڤ شەرعیەتی پێدراوە.



کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

لە کەش و هەوای بانگەشەی هەڵبژاردن کەسانێك بونیان بە دیار کەوتوە کەبە ئاشکرا جورئەتی ئەوەیان بە خۆیان داوە کە سوکایەتی بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بکەن.ڕاستە لە کوردستان ئازادیەکی زۆر هەیە بۆ ڕادەربرین و ڕای جیاواز، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە هێڵی سور ببەزێنی. ئاخر چۆن دەتوانرێ لەو پەرلەمانەوە یان لەو ڕاگەیاندنەوە بە هەر پاساوێك سوکایەتی بە پێشمەرگە بکەی کە بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە.

ئەمرۆ کوردستان خاوەن زیاتر لە سەدهەزار پێشمەرگەیە کە هەمویان خۆشەویستی و بینایی ئەم خاك و نیشتیمانەن. بۆیە جێی داخ ودڵگرانییەکە لە جیاتی ڕێزلێنانیان کە خۆیان قوربانی دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی کوردستان بەم شێوەیە باسیان لێوە بکرێ،ئەگەر شوفینەکان بە پێشمەرگە بڵێن «میلیشیا» ئێمە دەڵێین دوژمنن و چاویان پێ هەڵنایە بەڵام ئەگەر تاکی کورد وابڵێت ئێمە دەبێ چی ناو بنێین؟ ئەمە جەریمەیە و جگە لە سزادانی دەبێت داوای لێبوردن لە پێشمەرگە بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بەگشتی بکات.چونکە وەکو سەرۆکی هەرێم دەڵێ سوکایەتی بە پێشمەرگە لە هەمو خیانەتێك گەورەترە.

# هەڵبژاردن رووداوە گەورەکە...

# کورد لە کوێی گۆڕەپانەکە یاری دەکات...

عمر شەریف

هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بۆ خۆی رووداوێکی مێژوویی دەبێت، عێراقێکی فرەئاین و مەزهەب و نەتەوە، عێراقێکی تازە بە هەڵبژاردن و حکومەتی هەڵبژێردراو و پەرلەمانی و فیدراڵی و خاوەن ئۆپۆزیسیۆن، عێراقییەکان بە هەموو چین و توێژ و تایفەو ئاین و نەتەوەکانیانەوە لەم هەڵبژاردنەدا شەڕی سەلماندنی بوونی خۆیان دەکەن و دەیانەوێت بەلای کەمەوە بۆ چوار ساڵی ئاینده بوونی خۆیان بسەلمێنن و مافەکانیان پارێزراو بکەن، لە کاتێکدا ئەم هەڵبژاردنە لەعێراق دەکرێت ، کۆمەڵێ یاریکەری سیاسی وناوخۆیی و دەرەکی دەیانەوێت ئەجنداکانی خۆیان دوور لە خواست و بەرژەوەندی عێراق جێ بەجێ بکەن، دەست تێوەردان و یاری کردنی نارەوا لە گۆڕەپانەکە لە دەرگاو پەنجەرەکانی خوودی عێراقییەکانەوەیە، ئێران لە ڕێگەی شیعەکان و میسر و سعودیەو ئوردون و سوریاو کەنداویش لەڕێگەی سوننەو کۆنە بەعسییەکانەوە، تورکیا لە ڕێگەی بەرەی تورکمانییەوەو ئەمریکاو هاوپەیمانانیش سەرباقی دەستێوەردانەکان، پاڵەپەستۆی سیاسیانەی خۆیان هەیە.

هەموو لایەك دەزانن لەکابینەی تازەی حکومەتی عێراق و کورسی لیستەکان بۆ خۆیان و زۆرو کەمی دەنگ و وەزارەتەکان و پۆستە گرنگەکان، دەستی بالایان دەبێت لە ئایندەی سیاسی عێراق و ئاراستە کردنی ڕێڕەوەکان دەبێت، هەر ئەم ڕێژەیەیش گەورەیی و بەهێزی لایەنەکان دیاریی دەکات، بۆیە هاوپەیمانییەکانی رابردوو و دابەش بوون و گۆڕانکاری تازەی تێدەکەوێت، رەنگە کۆمەڵ و حزبی تازەی کاراو گردبوونەوەی جیاواز بێتە ئاراوە، وەك ئاماژەمان پێکرد گرنگی حکومەتی تازە و پەرلەمانی ئاینده، لەوانەی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و لەناوچوونی سەدام و بەعس جیاوازتر بێت، چونکە عێراق لەسەر پێی خۆی رادەوەستێت و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەکشێنەوە، یان روونتر بڵێین لە ڕووی سەربازییەوە هیچ دەستێوەردانێکیان نابێت، لەکوردستانیش چەندین قەوارەو هاوپەیمانی و کاندید خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ گەمەکە، هەست دەکرێت لەگەڵ نزیك بوونەوەی کاتی دەنگدان پرۆسەی پروپاگەندە توندتر دەبێت و بەداخەوە لە سلێمانی گرژییەکان بەچاوترن و شەڕە پەڕۆ و کەژاوەی ئۆتۆمبێل و تەقە کردن لەناوەختدا، ساڵانی دوای راپەڕین وەبیر خەڵك دەهێنێتەوە و لەدەنگدان ساردیان دەکاتەوە.

ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردن و بەشداری پێکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی دیموکراسییانە بۆ دەستنیشان کردنی حکومەت و پەرلەمانی خۆیان، زۆر لە عێراقییەکانی دوای پرۆسەی ئازادی زیاترە، هەروەها بوونی رای جیاواز و ئازادی رۆژنامەگەری تەمەنێکی زۆرتری هەیە لەکوردستان تا شوێنەکانی تری عێراق، بەلام بەداخەوە هەست دەکرێت کەسان ولایەن هەیە دەیانەوێت پیشانی بدەن کە وەك پێویست کوردستان بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئۆپۆزیسیۆن بوون ئەزموونێکی سەرکەوتوونیە!؟.

ئەوەی داخوازی شەقامی کوردستانییە و خەڵك داوای دەکات ...بەشداری فراوان و بەدەست هێنانی زۆرترین کورسییە، بەتایبەت لە موسڵ و کەرکوك و دیالە و سەلاحەدین و بەغدا، بۆ کوردستان لە پەرلەمانی چاوەڕوان کراو لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بە یەك دەنگی و هاوڕاییەکی بەهێز هەیە بەرامبەر بە پرسە چارەنووس سازەکانی میللەتەکەمان، دەیان فایل و کێشەی هەڵپەسێردراو چاوەڕوانی چارەسەری خێرا دەکەن، بۆ پۆستە گرنگەکان دەیان پیلان دانراوە تا لەدەستی کوردیان دەربکەن، تێکرای عارەب لە دژایەتی کردنی کورد هاوڕان بۆ هەمووارکردنی دەستوورو کەم کردنەوەی رۆڵی کوردو دەستەکەوتەکانی، دەبێ لایەن و لیست و کاندیدی وا هەڵبژێرین ئەرکی نەتەوەیی و داخوازی گەل و نیشتیمان لەپێش هەموو بیرو ئەجندایەکەوە دابنێت.

دەبێت جەماوەری کوردستان لەبەرامبەر نیازی هەر لایەن و لیست و قەوارەیەك کە نیازی دەرچوونیان بێت لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە، قسەی خۆیان هەبێت، هەلی کوردستان لەبارەو هەناسەیەکی باشی وەبەر هاتووە و هەست بە بوونی خۆمان دەکەین و بووینەتە جێگای ئومێدی پارچەکانی تری کوردستانی دابەشکراو، بەلام بوونی هەڕەشەو شێوازی دژایەتی کردن و رێگە گرتن لە پێشە وەچوونی کورد بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی زیاتر بووە و تەنها خۆمەلاس دان و تەکنیك گۆڕاوە، تەنانەت دژایەتی کردنەکە زۆر لەسەردەمی لەشاخ بوون پێشمەرگە بوونی کورد زیاتر بووە، دۆست و دووژمن لەسەر زۆرترین بەشداری و کورسی پەرلەمان و یەکڕیزی خودی کورد، گرەو دەکەن و چاویان لە چۆنیەتی بەشداری هاوپەیمانییەکانی کوردە.

# شێوازەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن جێگەی داخە

محمد فەریق

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی گشتی وپڕبایەخی هە ر وڵات و حکومەت و کۆمەڵگایەکە ویەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بونی دیموکراسیەتە.لە هەر وڵاتێك کە تاك نەتوانێ لە ڕێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردن ویستی خۆی ڕون بکاتەوە ونەتوانێ گوزارشت لە داخوازی خۆی بکات ئەوا ئەم وڵاتە بە نادیموکراسی وەسف دەکرێ.هەروەها بونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەش پێویستیەکی کۆمەڵگایەکی خاوەن شیعاری دیموکراسیەتە کە بتوانێ بە چاوێکی واقیعی و دیدێکی دڵسۆزانە لایەنە باشەکان و خراپەکان وەکو خۆی باس بکات .ئۆپوزسیۆن مانای ئەوە نییە کە تەنها خراپەکان و گەندەلییەکان ببینێ و بە مەبەستی تێکدان و دور لە دلسۆزی بۆ چاکسازی بیخاتە بەردەم هاوڵاتی. و پێویستە دور بێت لە گوشاری دەرەکی بۆ نیشان دانی روخساری حکومەت بە شێوەیەکی سلبی و نیگەتیڤ.

لە کوردستان و هەڵبژاردنی ئەم جارە:

وەك دەبینری ململانێکی زۆر و بۆر هەیە لە نێوان لیستەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردن و کار گەیشتۆتە ئەوەی کە سنورەکانی هەڵبژاردنێکی ئارام و مەدەنی بەزیون و تەشهیر و جنێو و لێدان وپێکدادان بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. تاکی کورد بەوە ناسراوە کە خۆراگر و هێمن و دور لە توند وتیژییە بەڵام ئەوەی ئەمرۆ لێرە دەبینرێ پێچەوانەیەتی کە ئەمەش شتێکی مەترسیدارە.

کی بەرپرسی ئەم روداوە قێزەونانەیە:

ئەم هەمو قسە و قسەلۆك و درۆ و بوختان وقسە ناشیرینانەی کە هەوادارانی لیستەکان بە ڕامبەر بە یەکتری دەیکەن هۆکاری چییە ؟ ئایا بەم ڕێگا ناتەندروستانە دەیانەوێ چی بە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بڵێن؟ کامە لەوانە بەرپرسن لەم گوتار و کردارانەی کە شەقامی کوردی پێ هەژاندوە؟ کێ بەرپرسی دروست بونی دڵەڕاوکێ وبێ متمانەیی ئەم جەماوەرەیە؟

هەندێك لیست پەنایان بۆ دروشمی گشتی و نەتەوەیی زۆر زەق هێناوە:

وەك دەبینرێ و دەبیسترێ هەمو لیستەکان دەیانەوێ بە گەورەترین شیعار ودروشم کاریگەری دروست بکەن لە ناخی دەنگدەر بەڵام هەندێك لیست رەچاوی هەندێك سەروەرییان نەکردوە وەکو ئەوەی لە لایەن لیستی کۆمەلی ئیسلامی کراوە کە وشە پیرۆزەکانی قورئانی موقەددەسی کردۆتە دروشمی بانگەشەی هەڵبژاردن و بە داخەوە کە رۆژانە دەبینرێ پۆستەرەکانی ئەم لیستە لە لایەن هەوادارانی لیستەکانی تر لێکراونەتەوە و ئەم وشە پیرۆزانە لە ژێر ئەم سیاسەتەی بانگەشە کەوتونەتە ژێر پێ ،ئەمە شتێکە کە هەڵەی تێدا کراوە چونکە سەلمێنراوە کوردستان کێشەی ئایینی نەبوە کە ئەم گوتار و شێوازانە بۆ دەنگ دان پێویست بێت و کاریگەری لە ناخی دەنگدەر بکات.

وەکو یەکگرتوی ئیسلامی کە وەکو هەمیشە تەنها خۆی بە خاوەنی ڕاستیەکان و بیر وڕای پۆزەتیڤ دەزانێ و جل وبەرگی پیرۆزی مامۆستایانی ئائینییان کردۆتە دروشم لە پۆستەرەکانیان کە ئەمەش شتێکی ئاسایی نییە.

لیستی گۆرانیش کە دەبینرێ چۆن بانگەشە دەکەن و غەیری خۆیان و لایەنگرانیان,هەموان بە گەندەڵ و چەتە و خراپ وەسف دەکەن و لەم ماوەی بانگەشە ی هەڵبژاردن زۆر توند وجددی دەبینرێن و غەیری بەکار هێنانی هەرزەکاران ودەست لە سەردانانی برینەکانی کۆمەلگا ، هۆڵی پەرلەمانیشیان کردۆتە هۆکار بۆ بانگەشە،وەکو ئەوەی چەند رۆژی ڕابردو ئەندامانی پەرلەمانی ئەم لیستە هەڵسوکەوتێکی دور لە چاوەروانیان نواند و ڕێزیان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان نەگرت. باشە ئەگەر بە ڕاستی ئەوان لەم دانیشتنە و شێوازی بەرێوە چونی ڕازی نەبون وەکو هەمیشە وپێش ماوەی بانگەشەی هەلبژاردن دەیانتوانی هۆڵی پەرلەمان بە جێ بێلن چونکە قۆرخ کردنی پەرلەمان بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن شتێکی خراپە.

یەکێتی نیشتیمانیش کە لە سەر ئەساسی تورەیی و تۆڵەسەندنەوە هەر جارەو پەلاماری خەڵکانی ناوچەیەك دەدەن.

ئەوەی جێی سەرنجە کە لەم ململانێیانە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمویان زیاتر هێمنی دەپارێزرێ وبە ڕاستی جێی هەڵوەستەیە کە چ سیاسەتێك لە پشتی ئەم بێدەنگییەیە کە شتێکی زۆر پۆزەتیڤ و شارستانیانە نیشان دەدات.

**د . محمود عوسمان بۆ چرکە**

**راپۆرتی: سلیمانی**

# سەرۆک بارزانی منی کاندیدکردوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان



.محمود عوسمان لەدیداریکی گۆڤاری چرکەدا باس لەو پاڵنەرانەدەکات کەوای لیکردوە جاریکی تر خۆ کاندید بکاتەوە بۆ پۆستی ئەندامیەتی پەرلەمان، باس لەوە دەکات کەدەست نیشان کردنی ئەو لەلایەن خودی سەرۆکی هەریم (مەسعود بارزانی ) یەوە بووەو دەڵێت» لەپەرلەمانی عیراق شت کراوە ، لەدەستوردا شتمان چەسپاندوە، مادەی 140 هە یە ، شتی تر هەیە کەپەیوەندی بەکوردەوە هەیە، شتی باشی تێدایە، بەڵام زۆربەی جێ بەجێنەکراوە، کێشەی نێوان هەریم و بەغدا دا هەیە، لەبەرئەوە هۆی خۆکاندید کردنەوەی من ئەوەیە ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئیشی خۆمان ، بۆجێ بەجێکردنی ئەو شتانەی کەماونەتەوە ، لەگەڵ ئەوەی من کەسێکی سەربەخۆم و

پەیوەندیم لەگەڵ هەموو لیستەکان باش و ئاساییە، کێشەم لەگەڵ هیچ کامیاندا نییە، لەبەرئەوە دەتوانم لەبەغدا دەوربببینم بۆ ئەوەی قائیمەکانی کورد لەبەغدا یەکگرتووبن، یەك هەڵوێست بن، وەك یەك لیست ئیش بکەن ، سەخێی سەرۆکی هەریم کاك (مەسعود بارزانی ) پێی باش بوو ناوی منی داوە و دەستنیشانی کردووم ، رەئیی وابوە کەبەردەوام بم»

د.محمود عوسمان وەك کاندیدی لیستی هاوبەپیمانی کوردستان و لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپاریزگای سلیمانی خۆی کاندید کردوە ، لەرابردوودا لەگەڵ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی هاوپەیمانی بەڵام هەمیشە وەك بیلایەنێك مامەڵەی کرودوە، بۆیە زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرێت کەئایا ناوبراو جاریکی تر دەتوانێت وەك کەسایەتێکی بیلایەن مامەڵە بکات لەپەرلەمانی بەغدا؟ لەم بارەیەوە (د.محمود عوسمان ) دەڵێت « من وەك چۆن لەرابردوودا بیلایەنانە مامەڵەم کردوە ، ئەوجارەش هەروادەبم، قەناعەتم وایە دەتوانم بیلایەنانە مامەڵەبکەم،چونکە بەوشێوەیە قسەشمان کردوە، بەڵام ئەگەر رۆژێك لەرۆژان زانیم ناتوانم بیلایەنانە مامەڵەبکەم ئەو کاتە هەڵوێستی خۆمم دەبێ ، تائیستا لەناو هاوپەیمانی بووم و توانیومە بیلایەن بم و توانیوشمە بەردەوام بم»

محمود عوسمان یەکێك بوو لەو ئەندام پەرلەمانانەی کەبەردەوام لەسەر مەسەلە چارەنوسازەکاندا لەبەغدا هەڵویستی ئیجابی لەسەر مەسەلەی کێشەکانی پەیوەست بەکورد هەبوە، توانیویەتی ببێتە داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی کورد لەبەغدا ، بۆیە گرنگە بپرسرێت تاچەند ئەو هەڵوێستانەی ئەو کاریگەری دەبێت لەسەر ریژەی دەنگەکانی لەپاریزگای سلیمانی ، لەو بارەیەوە دەڵێت» من تەسەور دەکەم کاریگەری هەبێت، چونکە ئێمە ماوەیەکی زۆرە لەبزوتنەوەی کوردایەتی ئیش دەکەین ، حەوت ساڵە لەبەغدام لەوەتەی رژێم ڕوخاوە ، شارەزایمان لەکاروباری ئەوێ پەیداکردوە ، هەڵویستمان هەبوە لەهەموو روداوێکدا ، ئەوە تارادەیەك جۆرە تێگەیشتنێکی لەناو میللەتدا دروست کردوە، میللەت ریزی بۆی هەیە، بۆیە قەناعەتم وایە ئەو مەسەلەیە تە ئسیری دەبێت لەسەر یژەی دەنگەکانی من»

عوسمان لەسەر پاریزگای سلیمانی خۆی کاندیدکردوە ، ئەو پاریزگایەش زۆرترین ململانێی لیستەکانی تێدا کۆبۆتەوە، لەماوەی رابردوودا بەهۆی ئەو ململانێ یەوە چەندیدن هاوڵاتی بریندار بوون، بۆیە بەشێك لەسیاسیەکان پێیان وایە ئەو دۆخەی سلیمانی کاریگەری دەبێت لەسەر ریژەی دەنگەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن، د.محمود عوسمانیش جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێت» بەرەئی من ئەگەر ئەو ململانێ یە توندوتیژی تێدا نەبێت زۆر ئاساییە، یەکتر شکاندن نەبێ، یەکتر ناشیرن کردن نەبێ ، زۆرباش و تەندورستە، بەڵام ئەوە لەم دوای یە دیتمان کەهەندێك کێشە لەپاریزگای سلیمانی دروست بوو، هەندێك کەس بریندار بووئەوەش تێکی خراپە، زەرەد لەمیللەت دەدات، ریزی میللەتەکەمان کەم دەکاتەوە، تە ئسیر لەهەڵبژاردن دەکات، ئەگەر دۆخەکە بەردەوام بێت کرژی یەکی زۆر دروست دەکات ، وادەکات هەڵبژاردن بەئاسایی نەروات ، لەوانەیە لایەنەکان بەنەتیجەکەی رازی نەبن ، ئومێدەوارم ئەوکێشانە دووبارەنەبنەوە، هەمو لایەنەکان هەوڵبدەن برادەرانی خۆیان هێمن بکەنەوە، بەشێوەیەکی هێمن بانگەشەی هەڵبژاردن بەردەوام بێت «

لەگەڵ نزیك کەوتنەوەی هەلبژاردن بەشێك لەرۆشنبیران و لایەنە سیاسیەکان باس لەریژەی تەزویرات دەکەن ، بۆیە گرنگە دۆخی هەڵبژاردن بەشێوەیەك ریك بخرێت کەکەمتریت تەزویرات بکرێت، لەبارەی ریگەکانی

## من وەک چۆن لەرابردوودا بیلایەنانە مامەڵەم کردوە ، ئەوجارەش هەروادەبم



کەم کردنەوەی ریژەی تەزویرات محمود عوسمان دەڵێت» بەرەئی من مەجالی دەست تێوەردان و تەزویرات هەیە، لەم هەڵبژاردنە چونکە سەرژمێری نەکراوە، پشت بەکۆبۆنی خۆراك بەستراوە، زۆر دەستکاری تێدا دەکرێت، قانونی ئەحزاب نی یە، لەبەر ئەوە دۆخە سیاسیەکە ریك و پیك نابێت ، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دەست تێوەردان نەبێت پێویستیمان بەدوو ریگە هەیە، لەوانە: - هەریەکێك لەچاودێرەکان بەووردی تەماشای ئیشەکان بکەن ، چاودێری لۆکاڵی و دەرەوە، دووەم ریکەوتن هەبێت لەبەینی سەرۆکی لیستەکان کەجۆریك لەهاوکاری هەبێت ریگری لەتەزویرات بکەن» لەگەڵ بونی ریژەی یەکی بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان کورد لەبەغدا بەڵام کێشەکان وەك خۆیان ماونەتەوە، بەشێك پێیان وایەدەبێت کورد لەئایندەدا چاو بەهاوپەیمانیەتیەکانیاندا بخشێنێتەوە، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنگەلیکدا پێك بهێنێت کەکار بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی کورد دەکەن، لەم بارەیەوە د.محمود دەڵێت» پێویستمان هەیە، ریژەی دەنگەکانمان ئەگەر زۆر زۆریش بێت سەد لەبیست دەبێت لەناو پەرلەماندا، بەڵام بەو ریژەی تۆ ناتوانی بریار بدەی ، لەبەر ئەوە پێویستیت بەهاوپەیمانی هەیە بۆ ئەوەی دەنگ چەسپ بکەیت بەتایبەت لەکاتی بریارداندا، دەبێت هاوپەیمانیەتەکەشمان دەرس لەرابردوو وەربگرێت ، ئەو هەڵانەی رابردوو دووبارە نەکەینەوە، ئەگەر هاوپەیمانی هەبوو لەگەڵ لایەنێك دەبێت ئەو لایەنە ئیلتزامی هەبێت بەرامبەر بەو هاوپەیمانیەتی یە ، پێویستە پاش هەڵبژاردن بەووردی تەماشای ئەو شتانە بکرێت ، بۆئەوەی هاوپەیمانی یەتیَ یەکی تۆکمە دروست بکەین، ئیلتزاماتی تێدابیَ بۆمەسەلەی دەنگدان ، هاوکاری یەکترکردن هەبێت لەپەرلەمان».

لەبارەی ئەوەی تاچەند لایەنی کوردی رازی یە لەسەر دانانەوە نوری مالکی بەسەرۆك وەزیرانی ئایندەی عیراق ئەو سیاسی یە دەڵێت» ئێمە بۆ سەرۆك وەزیرانی عیراق هیچ مەرجێکمان نی یە، ڤیتۆشمان نی یە لەسەر نەمالیکی و نەغەیرە مالیکی ، تەنها ئەوەیە ئێمە مامەڵە لەگەل ئەوە دەکەین کەئەوەی دەبێت بەسەرۆك وەزیران سیاسەتەکەی لەبەرژەوەندی کورد و یەکێتی عیراقدا بێت ، تەماشای ئەوە دەکەیت ئەو کەسە چۆن کاردەکات ، بەڵام ئێمە هیچ شتێکی وامان نی یە کەفلانەکەس ببێت بەسەرۆك وەزیران و فلانە کەس نەبێت، دوای هەڵبژاردن قسە لەسەر ئەوانە دەکەین کەخۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردوە«.

# كۆسرەت ڕەسول بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێت



**ڕاپۆرتی شیكاری تایبەت: هەولێر**

### كۆسرەت ڕەسوڵ دەمانچە دابەش دەكات

ڕاپۆرتی شیكاری تایبەت لەگەڵ نزیك كەوتنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەست پێكردنی بانگەشەی هەڵبژاردن هەموو لیستەكان و لایەنەسیاسیەكان، تەنانەت كاندیدەكان كەوتونەتەخۆ بۆ كۆكردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان، هەریەك و بەشێوەی جیاجیا گەرەكیەتی دەنگی هاوڵاتیان بۆ كەسانی نزیك لەخۆی كۆبكاتەوە، بەوهۆیشەوە لەهەڵبژاردن دەنگی یەكەم بەدەست بهێنێت، ببێتە كیانی براوەی هەڵبژاردن.

### لەشاری هەولیر جەماوەری پارتی لەجەماوەری یەكێتی زیاترە

ئەگەرچی لەرابردوودا هەولیر بەشاری هەوادارانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ناسرابوو، بەڵام واقیعی ئیستای شاری هەولێری پایتەخت تەواو جیاوازەو رۆژبەرۆژ دۆست و لایەنگرانی یەكێتی لەوشارەدا بەرەو كەم بونەوە دەچێت، لەبەرامبەر ئەوەدا رێژەی جەماوەری پارتی دیموكراتی كوردستان بەردەوام لەهەڵكشاندایە، لەوانەیە هۆكاری سەرەكی ئەمەش بگەرێتەوە بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی كەپارتی لەچەند ساڵی رابردوو پێشكەشی هەولیری كردو ئەو شارەی لەشارێكی وێرانەوە كردوە نموزجەترێن شاری كوردستان، لەكاتێكدا لەسەردەمی فەرمانرەوایی یەكێتی ئەو شارە بەدەست دەیان و سەدان كێشەی جیاجیاوە دەیناڵاند.

### یەكێتی كۆسرەت دەنێرێتەوە هەولیر

یەكێك لەومیكانیزمانەی كەیەكێتی

دەیەوێت لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتنی لەریگەیەوە بەدەست بهێنێت دابەشکردنی کارکتەرە سەرەکیەکانی یەکێتی یە بەسەر هەرسێ پاریزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکوکدا، یەکێتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لەشاری هەولێر کۆسرەتی دیاری کردوە ، بۆ ئەوەی لەو ریگەیەوە بتوانێت هەستی هەولێرچیەتی ببزوێنێت و هەولێریەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەهەمان شێوەی جاران کۆسرەت رەسوڵ لەئیستاوە کەوتۆتە بەر دابەشکردنی دەمانچە بەسەر ئەو کەسانەی کەرۆژانە سەردانی دەکەن، یان ئەو کەسانەی کەبزوتنەوەی گۆران دێنەوە ناو یەکێتی، ئەمەش کاریگەرێیەکی زۆر نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێم ، کۆمەڵگەی کوردی دەکاتە کۆمەڵگەیەکی سەربازئاسا.

**پارتی لەهەولێر دەیباتەوە**

لەگەڵ ئەوەی لیستی هاوپەیمانی پێکهاتەی پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و حزبی شوعی....هتد. بەلام بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە بەشێوەی لیستی نیمچە کراوەیە، دەنگدەر هەم دەنگ بەلیستەکان دەدات و هەم لەناو لیستەکاندا دەنگ دەدات بەیەکێك لەکاندیدەکانی ئەو لیستە بۆیە ریژەی جەماوەری هەموو حزبەکان دەردەکەوێت، هەموو لایەنەکان لەریگەی دەنگی کاندیدەکانیان دەزانن ریژەی جەماوەریان لەچ ئاستێکدایە، ئەوەی تائیستا بەرونی دەبیندرێت ئەوەیە کە پارتی لەهەردوو پاریزگای هەولێر و دهۆك بەریژەیەکی بەرز لەلایەنەکانی تر دەباتەوە، هەتا قسە لەسەر بردنەوەی پارتی دەکرێت لەپاریزگای موصل و کەرکوك . هەڵبژاردن یەکێتی لاوازتر دەکات ئەگەر هەڵبژاردن بۆ حزبەکانی تر ببێتە میکانیزمی خۆنوێکردنەوە و زانینی قەبارەی جەماوەریان ئەوە هەڵبژاردن بۆ یەکێتی نەك ئەم رۆڵە ناگێرێت بەڵکو دەبێتە هۆی لاواز کردنیشی ، بەتایبەت لەم هەڵبژاردن روونتر شکستەکانی رابردووی یەکێتی دەردەکەوێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خراپکردنی یەکێتی و قوڵکردنەوەی برینەکانی رابردوو کەبەهۆی جیابونەوەی لیستی گۆران لەهەڵبژاردنی رابردوو دروست بوو بوو.

**کۆسرەت رەسول بەدوای تۆڵەدا دەگەرێت**

کۆسرەت رەسول کە کەسێکی دیاری قیادەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و لایەنگر و جەماوەری خۆی هەیە بە تایبەتی لە شاری هەولێر کە زۆربەی یەکێتیەکان بە باڵ و کوتلەی ئەو دادەنرێن. ئەو کێشە و ململانێیەی کە لە نێوان کۆسرەت رەسول ولایەنەکانی تری ناو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی و لیستی گۆران هەیە واکردوە کە لە پرۆسەی هەلبژاردنی ئەم جارە بۆ پەرلەمانی بەغدا هەر یەکەیان هەوڵی زۆر بدەن و بۆ بەرامبەرەکانیان بیسەلمێنن کەسایەتی و کوتلەی کامەیان بەهێزترە ،بۆیە لەم بارودۆخەدا بۆمان دەرکەوتوە کە کۆسرەت رەسول بۆ ئەم مەبەستە لایەنگرانی خۆی لە هەولێر ئاگادار کردۆتەوە کە لە روژی هەلبژاردن دەنگ بدەن بەو سێ کاندیدی کە پیاوی کۆسرە تن وسەر بە باڵەکەی ئەو ناو دەبرێن کەناوی ئەو کاندیدانە لە شاری هەولێر بۆ پەرلەمانی بەغدا " ملازم کمال و عوسمان شوانی و دکتۆر شوانە " بۆ بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردن و سەلماندنی ئەمە کۆسرەت رەسول کۆر وکۆبونەوە و دانیشتنی جۆراوجۆر دەکات و لایەنگرانی خۆی دابەش کردوە بەسەر گەرەگ و ناوچەکانی ناو شاری هەولێر. هەولێکی زۆر دەدات بۆ لاوازکردنی پێگەی جەماوەری " فواد مەعسوم و سەعدی پیرە" کە نەتوانن دەنگێکی زۆر بێنن.



# بۆ مسۆگەرکردنی دەنگەکانی پارتی مەکتەبی سیاسی سەردانی ناوچە دابراوەکان دەکات

**راپۆرتی شیکاری تایبەت کەرکوک**

بەپێی یاسـای هەڵبژاردن حەوتی ئازاری ئەمساڵ کەپەیوەستە بەپەرلەمانی ئایندەی عیـراق ، دەوڵەتـی عیراق دابـەش بوە بەسەر هەژدە بازنەی جیاواز، بەو واتایەی هەرپاریزگایەك بازنەیەکی سـەربەخۆ پێك دێت، کاندیدی هەرلیستێك لەپاریزایکەوە بـۆ پاریزگایەکی تر جیـاوازن، تەنانەت بەپێی پاریزگاکان شێوە و رەنگی فۆڕمی دەنگدانیش جیـاوازن، بەم پێیەش دەنگی پاریزگایـەك لەگـەڵ پاریزگایەکـی کۆناکرێتـەوە، ئەمـەش وادەکات حزبـە بچوکەکان نەتوانـن لەهەموو پاریزگایەك نوێنەریـان بگاتـە پەرلەمـان،وادەکات دەنگی ئـەوان و هەوادارانیـان بفەوتێت. بۆیـە هەمـوو حزبەکان خۆیـان بۆ ئەو کێشـانە ئامادەکردوە کەبەهۆی یاسـایی هەلبژاردنەوە توشـیان دێت، وایان کردوە کەسـانی بەتواناو کاریگەر بۆ پۆسـتی ئەندامیەتی پەرلەمان دەست نیشان بکەن، کەسـانێك کەلەلایەن جەماوەرەوە جیگەی متمانەوەخـاوەن نفـوزی جەماوەرییـن. پارتی‌بەبێدەنگی‌بەشداری‌لەهەلبژارندا‌دەکات لەگەڵ ئەوەی هەموو بۆچونەکان لەسـەر ئەوەن کەپارتی دێموکراتی کوردستان خاوەن

# پارتی گرەوی هەڵبژاردن دەباتەوە

زۆرترین جەماوەرە لەکوردستان و ناوچە دابراوەکان، بەڵام لەگەڵ نزیك کە وتنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن کەچی هیچ جۆرە جموجۆڵی یەك بەپارتی یەوە نابیندرێت، ئەمەش بۆتە جێگەی سەرنج و تێرامانی سیاسیەکان و پسپۆرانی زانستی سیاسی. بەشێك پێیان وایە کەپارتی بەهۆی ئەمینی لەجەماوەرەکی و بونی متمانەبەخۆی بەسەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکاندا وایی کردوە بانگەشەی هەڵبژاردن بەبێدەنگی تێپەرێنێت، بێ ئەوەیهەوادارانی توشی هیچ ماندوبونی و نارەحەتی یەك ببن، بەشێکی تریش پێیان وایە پارتی خۆی هەڵگرتوە بۆ چرکەساتەکانی دوایی بەهۆی ئەوەی ئەو چرکەساتانە کاریگەی راستەوخۆی دەبێت لەسەر سایکۆلۆژیەتی دەنگدەرو وایان لێدەکات تەنها بەڵێن و پرۆژەوکانی ئەویان بیربمێنێت و زاڵبێت بەسەر بیرو بۆچونی لایەنەکانی تر.

### پارتی لەهەڵبژاردن پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت

ئەوەی تائیستا پارتی بەجدی کاری بۆدەکات ئەوەیە کەبتوانێت دەنگی یەکەم بەدەست بهێنێت لەسەر ئاستی ئەو پاریزگایانەی کەریژەی کورد تیایدا زۆرە، ئەگەرچی تائیستا بردنەوەی پارتی لەپاریزگای هەولێر و دەهۆك مسۆگەرە، بەڵام پارتی گەرەکیەتی بەشێوەیەکی گشتی ریژەی دەنگەکانی لەلایەنەکانی تر زیاتر بن.

### مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی ناوچە دابراوەکان دەکات

لەچەند رۆژی رابردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی ناوچە دابراوەکانیان کردوە، بۆلەنزیکەوە ئاگاداربوون لەرەوشی دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە داخوازی و داواکاریان لەسەرکردایەتی سیاسی، ئەم سەردانەی مەکتەبی سیاسی پارتی کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئایندەی هەڵبژاردن و زیادکردنی جەماوەری پارتی لەوناوچانە بەتایبەت پاریزگای کەرکوك کەزۆرجار وەك شاری یەکێتی وێنەی دەکێشرا.

### هەڵویستەکانی بارزانی و ریژەی دەنگەکانی پارتی

لەوانەیە گەورەترین و کاریگەترین میکانیزمی کۆکرکدرنەوەی دەنگەکانی هەریمی کوردستان بەتایبەت ناوچە دابراوەکان هەڵویستی بارزانی بێت لەمەڕ کوردستانی بونی ئەو ناوچانەوە، سازش نەکردنی لەکاتە ناسکەکانی عیراق و هەریمی کوردستان، هەمیشە بەگوتارەکانی ئینتمای نیشتمانی هاوڵاتیانی کوردستان بەگشتی و ناوچە دابراوە کان بەتایبەتی بەرز بکاتەوە، لەو ریگەیەوە بتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بەرز بونەوەی ریژەی دەنگەکانی ، بەتایبەت کەبارزانی بەداکۆکیکاری مافی نەتوەیی ناسراوە لەسەر ئاستی ناوچەکن و جیهان بەگشتی. بەڵام لەم هەڵبژاردنە دووشت زۆرگرنگن بۆ پرۆسەی سیاسی هەریمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی ، یەکێکان پاراستی ئەمانەتی هەڵبژارنە و نەهێشتنی کردەی تەزویرە لەناوچەکە بەگشتی و ئەو ناوچانەی بەناوچەی پارتی ناسراون، دووەمیان هەوڵدان بۆ نەهێشتنی رووداوی هاوشێوەی پاریزگای سلێمانی کەبوە جێگەی تێرامانی وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا.

# هەڵمەتی هەڵبژاردن و دیاردەی دوور لەشارستانیەت و پرەنسیپەیاساییەکان

هەورامان علی تۆفیق



هەڵبــژاردن و هەڵمەتــی دەنگ کۆکردنەوەو هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانــی ڕێــژەی زیاتــر مافی هەموو لایەکە، لەدوونیادا شێوازی هەڵبژاردن پرەنسیپی یاسایی خۆیی هەیــەو لەچــوار چێوەیەکدا کاری لەسەر دەکرێت ، لەوڵاتانی دیموکرات و پێشــکەوتوو کەهەمیشەیاســا و سەلامەتی هاوڵا تیان و گوزەرانی خەڵــك و مافەکانــی مــرۆڤ و هێمنی ئارامی وڕەوتی ئاســایی ژیانی هاوڵاتیان لەکاتی هەڵبژارن و دوایی هەڵبژاردن یەکســانەو ئەو هەڵمەتەهیچ کاریگەریەك لەڕەوتی ئاسایی ژیانی هاوڵاتیان ناکات .. هەڵمەتی هەڵبــژاردن لەماوەیەکی کورتدا ڕادەگەیەنرێت و لەشارەکاندا تەنها لە جێگایەکی سەرەکی و هەموو لیستەکان پێکەوەکۆدەبنەوە، کەهەر لیستێك لەچەند ئەندامێك تێناپەڕێت سەپەرشتی ئــەو بنکەیەدەکــەن لەوێشدا تەنها دابەشکردنی خەڵات بەسەر منداڵاندا بەشیوەی ڕیکلام بۆ پارتەکانیان و چەند بڵاوکراوەیەك لەبەرنامەی کاری پارتەکان بۆ هە ڵبژاردن و گفتوو گۆیی ئاسایی و هێمن لەگەڵ ئەو کەسانەی کەخۆیان دەیانەوێت ، لەراگەیاندنەکانیش دا ئەو دیاردەیەزۆر بەسادەی وەرگیراوە، کاندیدکــراوەکان و نوێنەرانــی پارتەکان بەرنامەی تایبەت لەسەر هەڵبژاەدنەکان دەکەن ئەویش لەچەند کەناڵێکــی تایبەت و بــۆ چەند کاتژمێك و بەستنی کۆڕو سیمیناری تایبەت بە بەرنامەی کار بۆ دوای هەڵبژاردنــەکان .. ئەمەلەگــەڵ

ئەوەی لەم وڵاتانەدا ڕێژەیەکی دیاروو بەرچاوی هەوڵاتیان ئاگایان لەسیاسەت و ڕەوتی سیاسی نیەو زۆر بەلاشیانەوە گرنگ نیەو زۆریش هەن لەو هەڵمەتەدا خۆیان یەك لایی نەکردۆتەوەکەدەنگ بەکێ بدەن و دەنگیش نادەن ... کەواتەبەرنامەو کار لەدوایی هەڵبژاردنەکان دەبنەسەنگی مەحەك بۆ دیاری کردنی کاریگەری لیستەکان بۆ داهاتوو ... هەڵواسینی چەند وێنەیەکی کاندیك کراوەکان لەسەر ڕێگایی سەرەکی شارەکاندا لەگەڵ چەند شوێنێکی تایبەت دا بەبێ ئەوەی شار ناشیرین بکرێت و سیمایی بگۆڕدرێ ... بۆ شێوازی دەنگ دانیش هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیەپێش وەخت کارتی تایبەت لەڕێگایی پۆستەوەبۆیان دەڕوات لەڕۆژی هەڵبژاردن و شوێنی دەنگدانی بۆ دیاری دەکرێت تەنانەت ئەو ڕۆژە یەك شەممەدیاریدەکەن بۆ ئەوەی کەس لەکارنەکات ، چونکە ڕۆژێك دواکەوتن لەکار لەم وڵاتانەدا زۆر زیانی ئابوریان پێدەگا بۆیەڕەچاوی هەمە لایەنەیی ئەم پڕۆسەیەکراوەو بەیاسا کاری لەسەر دەکرێت .. گەنجان و منداڵان بەهیچ شێوازێك ئاگایان لەم پڕۆسەیەنیەو بەهیچ شیوازێك بەکارناهێنرێن بۆ بەرژەوەندی هەڵبژاردنەکان و دەنگ کۆکردنەوەی لیستەکان ... بەداخەوەهەمیشەوڵاتانی دواکەوتوو و تازەپێشکەوتوو ئاستەنگ و باری نائارامی لەهەڵبژاردنەکاندا بەدیار دەکەون ... ئەوەی لەپڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دا دەیبینین و لەڕێگایی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەدی دەکرێت بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان شێوازێکی تایبەت و جیاوازەلەبێ ئارامی و دوور هەموو ڕێنمایەکی یاسایی و مرۆیی ... ئەویش لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆیی دەگرێتەوەکەلایەنی سلبی ئەو شێوەمامەڵەیەن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا :

1- تێنەگەیشتن لەتێکرایی ئامانجەکانی ئەو پڕۆسەیەو بڕوابەخۆنەبوون و ترس لەدەرەنجامی هەڵبژاردنەکان .

2- بەکارهێنانی منداڵان لەهەڵمەتی ڕاگەیاندەکان ، دەبینیت ئەوانەی ئاژاوەدەنێنەوەو شەو تابەیانی لەسەر شەقامەکانن و لەنێو سەیارەکاندا بەبێ هیچ ڕەچاوکردنی یاسا کانی سەلامەتی گیانی منداڵان بەدرێژایی کات پروپاگەندەیان پێ دەکرێت ..

3- تێکەڵ بوونی سیاسەت بەگەورەو بچوکی ژیانی ئاسایی تاك و لێك جیانەکردنەوەی لەلایەنەکانی دی ژیان و ئەمەش وادەکات کەهەموو شتێك پێکەوەتێکەڵ بێت و دواتر نەتوانرێت ڕەوتەکان بۆ داهاتوو ئاسایی ببنەوە چونکەئەم شێوەدیاردانەبوونەتەداب و ئاستەنگەبەوخێراییەکۆتاییانپێ بێت.

4- بێزارکردنی هاوڵاتی و دەنگەدەنگ و شیواندنی ڕێچکەیی ئاسایی هاتووچۆ کەخۆیی لەخۆیدا گرفتی هەیەو لەو ئاستەی پێویستدا نیە .

5- لەکارخستنی ئەو خە لکەبەدرێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و دوور کەوتنەوەیان لەخوێندن و کارو کاسپی و ژیانی ئاسایی خۆیان و ئاستەنگ دروست کردن بۆ بازار .

6- ناشیرین کردنی سیمای شار ، بەهەڵواسینی لافیتەو دروشم و وێنەو دەیان شێوەی دی لەو شیوازانەی کەبەبڕوایی ئەوان هۆکارێکەبۆ زیاتر ڕاکێشانی هاوڵاتیان تا دەنگەکانیان بەوان بدەن .

7- هەڵمەتی لەڕادەبەدەری ڕاگەیاندنەکان بەشیوازێك بینەر بێزاردەکات لەدەرەنجامی دووبارەبوونەوەی زۆری شتەکان و لەیەك چوونی تەواویی پڕوپاگەندەکان .. هەموو ئەوکاتەی کەتەرخان کراوەبۆ پڕوپاگەندە دەکرێ لەچەند کات ژمێرێك دا و بەچڕو پڕی بەرنامەیەك بۆ کاندیدەکان و شێوازی ڕوبەڕوبونەوەلەگەڵ لیستەکانی بەرامبەر و بەدیارخستنی

جیاوازیـــەکان لەبەرنامەو کارەکاندا نـــەك جیاوازیـــەکان لەفکـــرو ئایدیۆلۆژیـــای سیاســـی دا .

8- دروســـت بوونی ئاژاوەو شەڕ و لەوڵاتی ئێمـــەدا بەخێرایی چەك و کوشتن و لێدان و زیندانی و ئازاردان و ڕوبەڕووی هاوڵاتیان و لیستەکان دەبێتـــەوە، ئەمـــەش لەدەرەنجامی ڕەچاونەکردنـــی ڕێنماییـــەکان و ڕەوتی ئاســـایی نەبوونی هەڵمەتی هـــە ڵبژاردنـــەکان و بەکارهێنانی منداڵان و کەسانی نامەسئول کەبۆ خۆیان بەدوای ئاژاوەدا دەگە ڕێن . گـــەر لەتێکڕایی ئاســـتەنگەکان بڕوانیـــن و لەنـــاوەڕۆك دا لێکیان بدەینەوەو خۆیـــان لەیەك ئامانج دا دەگرێتەوەئەویش کاندیدی زیاتری ئـــەم لیســـت و ئەو لیســـت بەرەو پەڕلەمـــان بڕوات .. وەك پێشـــتر ئاماژەم بەوەدا کە کورد سیاســـەتی کردۆتەخۆراکی ڕۆژانەی ژیانی و بێ ئەو خۆراکەناتوانێت بەئاســـایی بـــژی و حزب و تیکـــەڵ بوون بەو شێوەکەشـــوو هەوایەو بوونی ئەوەش دەگەڕێتەوەبۆ وابەســـتەبوونی ئەو پەیوەندیەلەگەڵ ژیان و گوزەرانی و نان و بژێویی ژیان ، ئەمەش لەخۆیدا ئەو کۆمەڵگایەدەکاتەکۆمەڵگایەکی وابەستەبوو بەسیاســـەت و ژیانی سیاسی وراستەوخۆ گرفتەسیاسیەکان زۆر بەخیرایی کاریگەری لەسەری دەبێـــت ، وەك ئـــەوەی لەدرێژایی ســـاڵانی دوایی ڕاپەڕینەوەبینیمان ناتەبایی سیاسیەکان و ناکۆکیەکانی پارتەسیاســـەکان بەخێرایـــی دەگوازرانەوەنێوکۆمەڵگاو کێشەکان لەنێوخەڵکدا زیاتر تەشەنەیان دەکرد و دەگەیشتەئاستێك کەچارەسەری ئاســـان نەدەبوو . لەهەمان کات دا کەکۆمەڵگایـــەك بەڕیژەیەکی کەم خەڵکانێك هەبن کەخۆیان یەك لایی نەکردبێتەوەو ئەم پڕوپاگەندەیەبەلای خۆیاندا ڕاکێشـــێت یـــان بیرورایی هەوادارانـــی دی بـــەلای خۆیدا ڕاکێشـــێ و دەنگەکانی زیاتر کات ، بەپێچەوانەوە ئەوەی بیرو باوەڕی لەلیســـتێك بێت ئاستەنگەگۆڕینی ، پاشـــان ئەو ڕیکلامە زۆرەو ئەو



گرفتەبێ شومارانەو ئەو وێنەلە ڕادەبەدەرانەو دووبارە بوونەوەی دروشمەکان و نەبوونی گۆڕان لەبەرنامەکاندا و بڕوانەبوون بە بەڵێنەکان و دروست بوونی پردێك لەنێو خەڵك و حزبەکاندا بێ لەهەوادارانی خۆیان ، ئەمانەوادەکات نەك دەنگەکان زیادبن بەڵکو دەنگەکان کەم بنەوە و خەڵك دوورکەویتەوەلەبیرو ڕایی پێش پڕۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان... ڕاگەیاندنەحزبیەکان و ئەو زمانەی لەدژایەتی کردنی بەرامبەرەکانیان دا بەدیار دەکەوێت بەتایبەت ئەوەی لەنێوان لیستی گۆڕان و یەکێتی دا هەمان ئەو ڕۆژانی هەڵبژاردنی یەکەمی دوای ڕاپەڕین و ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و دواتر پەرەسەندنی شەڕی براکوژی ، ئەم شێوازەراگەیاندنەدرێژەپێدانی ئەو بەرنامەو بیروباوەڕەیەك ڕێچکەی لەسەر گیراوە.. هەمان ئەو ڕاگەیاندنانەی کەشانازی بەسەنگەر کواستنەوەلەلایەکەوەبۆ لایەکی دی وەك ئەوەی لەبەرەی کوفرەبۆ بەرەی ئیمان سەنگەریان گواستبێتەوە، کەی دەبێ لەوەبگەن کەئەوانەی هەر ڕۆژەو لەسەنگەرێکدا خەبات دەکەن خاوەن بیرو باوەڕنین و ئەوانە بازرگانی ئەو شێوەناکۆکیانەن هەرگیز ئەو جۆرەکەسانەلەهێمنی و ئارامی دا ناژین و ئەو کاتەی کەحزبەکوردیەکان خۆیان لەو کەسانەپاك بکەنەوە دەکرێ بڵێین لەیەکەم هەنگاوی نوێکاری دان و ئایندەی ئەم نەتەوەیە بەرەو گەشانەوەدەڕوات ... بۆ کۆتایی هاتن بەم ئاستەنگیانەو دروست بوونی ڕەوتێکی ئاسایی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا هۆشیاری سیاسی و ئامانجەکانی هەڵبژاردن و ڕاهێنانی خەڵك لەشیوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کاتەهەستیارانەدا ، بەڵام گرنگ تر ئەوەیەکەلایەنەکان بەخۆیان ئەو ڕێچکەیەبۆ خۆیان دروست بکەن وڕێگا بەئەندامان و لایەنگرانی خۆیان نەدەن بەو شێوە ڕەفتارانە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نەکەن .. لەلە لایەکی دی ئێمەی کورد پێویستمان بەیاسایەك هەیەکەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەشێوازێکی سەردەمیانەڕێك



# من دەپرژێمە سەر جادە بۆئەوەی شیعارەکانی خۆم بڵێم بۆئەوەی خەڵک تێبگەیەنم نەک ڕێگا لە خەڵک بگرم



**سازدانی : هاوڕێ رزگار- هەولێر**

**( شوان محمد تەها ) ،کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ،ریزبەندی ناوم لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان (3)،لەساڵی (1967) لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی هەژارو نیشتمان پەروەر لە دایک بووم ،خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیم لە شاری هەولێر تەواو کردووە . لە ساڵی (1984) هاتومەتە ریزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، لە ساڵی (1989)بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە بەشی فەلسەفە لەکۆلێژی ئاداب بەدەست هێناوە و لە ساڵی (2007) لە شاری بەغدا بڕوانامەی ماستەرم لەسەر دراساتی ستراتیجی لە ئاسایشی نیشتیمانی بەدەست هێناوە . من لە گەلێ شوێنی جیاجیای ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کارم کردووە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مامۆستایان و لیژنەی ناوچەی فەرمانبەران و لیژنەی ناوچەی ڕزگاری و لیژنەی ناوچەی گوڵان بووم.**

**چرکە** : ئایا هەڵبژاردنی ئێوە لەسەر داوای حزب بووەیان لەسەر بوونی ئاستی کەسایەتی ؟

**شووان:** بەتەئکید وەك سەرەتا باسم کرد من کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانم ، بەتەئکید پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن تەجروبەو ئەزمونێکی یەکجار زۆرە هەمیشە ئەو کارەکتەرانە دەخاتە کار بەتایبەتی لەشوێنە هەستیارەکاندا کە خاوەن تەجروبەو خاوەن ئەزموونن . پارتەکەی ئێمە خەڵکی خاوەن بڕوانامەو خەڵکی شارەزایی تێدایە ، بۆیە من پێم وایە کاندیدەکانی ئێمە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەریەکەیان ئیختساسی خۆی هەیە ،جگە لەمەش لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی دا إستیفتائێك کراوە لەهەر پاریزگایەك بەجیا.

**چرکە** : ئایا ئێوە ئەو کاندیدانەی هەڵبژێردراون بۆ پەرلەمانی عێراق هەربەو هاوپەیمانیەتیە ئیش دەکەن یان جیاواز دەبێ یان دەتوانن سەرکەتووتربن لەچەند کەسانێکی تر کەلەناو پارێزگادا هەڵبژێراون؟

**شووان:** بەنسبەت هاوپەیمانی کوردستان زیاتر لە (13)حزب پێك هاتووین وە سەرجەم ئەو حزبانە لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەماندا خاوەن مێژوو و سەروەرییەکی تایبەت بەخۆیانن هەریەکە بە حجم و نفوسی خۆی لەم لیست کۆبونەوە کە پێی دەوترێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان. بەڵێ ئێمە کە دەچینە بەغدا لەگەڵ ئەترافی سیاسی تروەکو عەرەب رەنگە هاوپەیمانیەتی تر بکەین بەڵام بەمەرجێ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان لەبەرچاوبگرێت .ئێمە وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستان پڕۆژەیەکی تێرو تەسەلمان هەیە, فرە لایەنی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەولەویاتمان لە کاری خۆمان هەیە ئەولەویاتەکان یەکەمین بەوە دەست پێدەکات کە دەبێت دەستوور لە عێراقدا تەسبیت بکرێت و مادەی (140) جێبەجێ بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی پێشمەرگەو سەرچاوە سروشتیەکان یەکلایی بکرێتەوە ئەوانە مەوزوعی چارەنوس سازن ناکرێ پەراویز بخرێن. دوابەدوای ئەوەش هەوڵ دەدەین لەگەڵ تەواوی پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق لەسەر پڕۆژە جیاجیاکان هاوپەیمان بین و هاوکاری یەکتربین بۆ جێ بەجێ کردنیان .

**چرکە** : پەرلەمانی پێشوو بە ڕایی زۆربەی کەسان و چاودێرانی سیاسی سەرکەتوو نەبوو ئایا ئێوە بچنە پەرلەمانی عێراق ئەو فەراغەی هەیە دەتوانن پڕی بکەنەوە؟

**شووان:** من پێم وایە پەرلەمانی پێشوو سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێناوە ،هەست دەکەم ئەوەی ئەوقسانە دەکات بێ ئینسافیەك و بێ ویژدانی دەکات دەرهەق بە پەرلەمان تارانی پێشوو ،چونکە لەسەروی هەموویانەوە توانییان مادەی (140)لە دەستوردا تەسبیت بکەن ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە ،لەگەڵ ئەوەشدا چەند مانگێك لەوەو پێش بودجەیەك تەرخان کراوە بۆ ماددەی (140)ئەوە یەك لەدەسکەوتە زۆر گرنگەکانە . هەندێك لە ئەندام پەرلەمانانی نوێنەری ئێمە لە بەغدا گەلێك پڕۆژەیان هەبوو ،من ئەندام پەرلەمانی پێشو نیم ئەگەر تۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوان بکەیت ئەوان کۆمەڵێك دەسکەوتیان پێشکەش کردووە کە جێگەی ستایش و ڕێزە. شتێك هەیە کە ئەوەی من بەدیم کردبێت یەکێ لەشتە هەرە جوانەکان کە وەزعی ئێمە بەرەو پێشەوە دەبات یەکریزی نوێنەرەکانی ئێمەیە لە بەغدا دا, شتێکی یەکجار گەورەبووکە یەك دەست بوون,یەك وتەی سیاسیان هەبوو, یەك هەڵویست بوون بەرامبەر بە مەوزوعە چارەنوس سازەکان ،من بەپێچەوانە پێم وایە شتیان بەدەست هێناوە ئێمە دەچین تەواوکاری ئەوان دەبین لەبەرئەوە ژیان هەروا بووە بەگشتی و هەمیشە لە تێکۆشان و جێبەجێ کردندایە ،ئێمە درێژە پێدەری کارەکانی ئەوان دەبین . من پێم وا نیە ئەوان شتیان نەکردوە بەڵکو شتی زۆریان کردووە .

**چرکە** : خۆت وەك دەسەڵاتێك لەناو شاری هەولێر ئیش و کاری حیزبی دەکەیت ،تا ئێستا ئەو فەوزایەیی لە سلێمانی هەیە لە هەولێرنییە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە ئایا پەیەندی ئێوەو گۆڕان بەهێزە یان کێشەی ململانێ ناکەن یان ناتانەوێ ئەو فەوزایە دروست ببێ لێرە ؟



**شووان:** به حه‌قیقه‌ت من سه‌ره‌تا پێم خۆشه شتێك ئاماژه پێ بكه‌م ئه‌مه به‌فه‌وزا ناوی نانێم به‌ڵكو ده‌توانم بڵێم به‌دحاڵی بونێك هه‌یه له هه‌ڵمه‌تی هه‌ڵبژاردن له‌شاری سلێمانی,ده‌كرێ به‌شێوه‌یه‌كی تر بڵێی خۆپیشاندان كارێكی جوانه به‌س هه‌وڵی توندو تیژی لێ نه‌كه‌وێته‌وه،به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌شاری هه‌ولێرئه‌وه‌ی به‌دیم كردبێ شاری هه‌ولێر به‌شێوه‌یه‌كی زۆر ته‌ندروست هه‌ڵمه‌تی هه‌ڵبژاردن ده‌كات . به‌ڵێ گۆڕان له هه‌ولێر هه‌یه پارتی له هه‌ولێر هه‌یه یه‌كێتیش له هه‌ولێر هه‌یه‌و زۆر ئه‌ترافی سیاسی دیكه‌ش، به‌ڵام ده‌زگاكانی ئه‌من و ئاسایش به‌تایبه‌تی پۆلیسی هاتووچۆ وخه‌ڵكی هه‌ولێر خۆیان زۆر جوان كۆنترۆڵی شاری هه‌ولێریان كردوه.ده‌كرێ به‌جۆرێكی تر ئێمه ململانێی یه‌كتری بكه‌ین. به‌ڵام گله‌یییه‌كی ترم هه‌یه له ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن به‌هه‌موو كه‌ناڵه‌كانییه‌وه به ته‌له‌فزیۆن و ته‌نانه‌ت لاپه‌ڕه‌ی ڕۆژنامه‌كانیش كه‌هه‌ندێ شت هه‌یه یان هه‌ندێ گرژی ڕووده‌دات ناكرێ به‌و ده‌ره‌جه‌یه إبراز بكرێت ده‌بێت به‌جۆرێك باسی لێوه بكرێت ئیدانه بكرێت ،كاری ڕۆژنامه گه‌ری ئه‌وه‌یه چاودیر بێ وده‌كرێ وه‌ك ڕه‌وشتی ڕۆژنامه‌وانی ئه‌و شتانه به‌شێوه‌یه‌كی ناشرین نیشان بده‌ن نه‌ك بارزكردنی . من پێم وایه بارزكردنی شتێك له‌و جۆره ڕووی وڵاته‌كه‌ی ئێمه به‌شێوه‌یه‌كی زۆر ناته‌ندروست پیشان ده‌دات ،هه‌ر


لەرێگای ئێوەشەوە داوا لە ڕۆژنامەنوسان و پەیام نێرانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەکەم هەوڵ بدرێت شتەکان وەك خۆیان بگوازرێنەوە.ئەوانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنیش دەکەن هەوڵ بدەن خەڵکانێك بپرژێنە سەر جادە تەعبیر لە خواست و ویستەکانیان بکەن ،من دەپرژێمە سەر جادە بۆئەوەی شیعارەکانی خۆم بڵێم بۆئەوەی خەڵك تێبگەیەنم نەك ڕێگا لە خەڵك بگرم . ڕێگا گرتن لە خەڵك سەرپێچی کردنە بەرامبەر یاسا و ئەوەی کەوا تۆ خەڵکی تریش ئیستیغلال دەکەی.

**چرکە** : وەك خۆت لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی دا ئیشت کردووە هاوکاری کۆمەڵگەی مەدەنیشت کردووە بەڵام لە لێدوانەکانتا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر باسی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکەیت؟ و پەرلەمانی عێراقدا پێم وایە بەشێك لە کۆمەڵگای مەدەنیان پشتگوێ خستووە بەتایبەتی بۆ کوردستان ئایا تۆ هەوڵی ئەوە دەدەیت ئەم جارە لە پەرلەمانی عێراق پێشکەوتنێك بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بدەیت ؟

**شووان:** بە پێچەوانەوە لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان و لێدوانەکان و کەناڵە ڕاگەیاندنەکان کە مێزگرد بووبن من وتومە ماوەی پێنج ساڵە لە شاری هەولێر مەسئولی مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەرییە پیشەییەکانم و لە خزمەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیم. سەبارەت بەو پرسیارەش هەوڵ دان بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ،زۆرجار ئەم پرسیارەم لێ کراوەوباسم لێوە کردوەو لە سیویەکەشم ئاماژەم پێکردووە دەڵێم من ئەوەندە ساڵە خزمەتم بە بوارەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کردووە.جگە لە ئەولەویاتی پرۆژەی کاری ئێمە وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە هەندێ شت پەیوەستن بەخەڵکی کوردستانەوە ،هەندێ بابەتی چارەنوس ساز هەن بەدوای ئەوانەوە هەوڵ دەدەم وەك تاکێك بۆ بنبرکردنی بێکاری و بەگەرخستنی تواناسازی لاوان, ئەگەر توانا سازی لاوان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە سەرچاوە نەگرێت ئەبێ لە کوێوە سەرچاوە بگرێ ،هەوڵدان بۆ خۆشگوزەران کردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان. من پێم وایە ئەو ڕێکخراوانەی کە تایبەتن بە پێویستی مرۆیی ئەوانیش ڕێکخراوی (NGO) ن ،لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری کردنی هونەرمەندو نوسەران لەوێدا خۆی دەبینێتەوە. من قەناعەتێکم لاهەیە شارعی عێراقی جگە لە کوردستان ئەحزابی سیاسی ئیسلامی بەجۆرێکی تەنیوە هیچ مەنفەسك نەماوە تۆ ئیرادەی خەڵکی عێراق بەشێوەیەکی تەندروست ببینی تەنها ڕێگا چارەمان ئەوەیە کە لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بخزێینە ناوی . بۆ ئەوەی یەکەیەکی تاکەکانی شارەکانی باشوور تێبگەیەنین ئەوە داخوازییەکانەو تعبیر لە خواستەکانی کورد ئەمەیە تەنها بە پارتی سیاسی سیاسی ناکرێت و تاکە مەنفەس نیە. ئەگەر جوانتریش بڵێین ئێمە لە کوردستاندا تجروبەیەکی پێشینەو باشیشمان هەیە و بینیومانە هەندێك لە بەرپرس و یان ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ئینتیما سەر بە پارتێکی سیاسین بەڵام لە کاتی کاری ڕێکخراوەیی دا ئازادی ڕێکخراوەکەی خۆیی و ئازادی خۆیشی وەکو تاکێك پاراستووە, ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو ئەزمونە بگوازینەوە بۆ بەغدا .

**پارتی خاوەن تەجروبەو ئەزمونێکی یەکجار زۆرە هەمیشە ئەو کارەکتەرانە دەخاتە کار بەتایبەتی لەشوێنە هەستیارەکاندا کە خاوەن تەجروبەو خاوەن ئەزموونن**

# بەبڕیاری یەکێتی ئاسایش و پێشمەرگەکانی سلیمانی ئاڵای سەوز هەڵدەدەن





لەگـــەڵ كـــورت بونەوەی مـــاوە و رۆژی هەڵبژاردن لایەنە سیاســـیەكان ڕێوشێونی جیاواز دەگرنە بەرو هەموو هەوڵی خۆیان بۆ سەركەوتن و بردنەوە لەپرۆســـەی هەڵبـــژاردن دەخنە كار، بەشـــێك لەهەوادارانیان دەخەنە ســـەر شەقاو شەقامەكان پڕدەكەن لەئاپۆڕای جەمـــاوەر، دەیانەوێـــت لەورێگـــەوە قەبارەو توانای خۆیان پیشـــانی لایەنە سیاســـیەكانی تـــر بدەن، شـــەڕێكی سایكۆلۆژی لەگەڵ لیست و لایەنەكانی تری بەشـــدار بوی هەڵبـــژاردن بكەن. ئەوەی كەتائیســـتا جۆرێك لەململانێی كەوتۆتـــە نێوانیان هەردوو لیســـتی هاوپەیمانی و لیســـتی گۆرانە، لەناو لیســـتی هاوپەیمانیـــش كاندیدەكانی یەكێتـــی و گۆرانـــە، ئەمـــەش ئەوە دەگەێنێت كەهەردوولا دەیانەوێت شەری ناوخۆیان ببنە ناوپرۆسەی هەڵبژاردن. یەكێتی دەیەوێت تۆڵە ی خۆی بكاتەوە لـــە ســـەركەوتنی لیســـتی گـــۆران لەپاریزگای سلیمانی لەهەڵبژاردنەكانی رابردوو گورزێكی كەمەرشـــكێن بوون لەیەكێتی نیشـــتمانی كوردستان، بۆیە یەكێتـــی هەموو هەوڵ و توانای خۆی خســـتۆتە ســـەر ئـــەو هەڵبژاردنەوە دەیەوێت تۆڵەی شكستی هەڵبژاردنی

# راپۆرتی شیکاری تایبەت: سلیمانی



رابردوو لەبزوتنەوەی گۆران بکاتەوە، بیسەلمێنێت کەسلیمانی شاری یەکێتی یە نەك شاری لیستی گۆران، گۆرانیش کار بۆ ئەوە دەکات بەیەکجاری ئەو پاریزگایە لەدەستی یەکێتی دەرهێنێت و لەبری یەکێتی خۆیان ببنە هاوپەیمانی سەرەکی پارتی دێموکراتی کوردستان. ئاسایش دەست دەخاتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن

لەگەڵ ئەوەی ماوەی چەندساڵێکە حکومەتی هەریم کار بۆئەوە دەکات ئاسایش بکاتە هێزێکی کوردستانی و دور لەکاری حزبایەتی خزمەت بەهەریمی کوردستان بکەن، لەسەردەمی کابینەی پێنجەم هەوڵ درا بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەریم بۆکاروباری ناوخۆ یەك بگرنەوە ، لەسەرتاسەری کوردستان

یەك هێزی ناوخۆ بونی هەبێت، بەڵام لەگەڵ نزیك کەوتنەوەی هەلبژادن لەپاریزگای سلیمانی هەوڵدەدرێت سود لەئاسایش ببینن بۆ ئەوەی یەکێتی لەسلیمانی سەرکەوتوو بێت.

دەبێت پێشمەرگەئاڵای سەوز لەسەر خانوەکانیان هەڵبدەن بەپێی بریارێکی فەرمی کەبەشێوەیەکی شەفەویانە پێیان راگەێندراوە دەبێت



هەموو کارمەندێکی پۆلیس، ئاسایش ، چالاکی یەمەدەنی یەکان، پێشمەرگە لەسنوری پاریزگای سلێمانی ، یاخود دروستر بڵێم سنوری حکومەتەکەی پێشوی یەکیێتی ئاڵا لەسەر خانوەکانیان هەڵبدەن، بۆئەوەی پیشانی لیستەکانی تری بدەن ئەوە شوێنانە جگە لەجەماوەری یەکێتی جەماوەری حزبەکان و هێزەکانی تر بونیان نی یە. بەکارمەندانی پۆلیس و ئاسایش ، پێشمەرگەکانی یەکێتی راگەیاندراوە ئەگەر هەرکەسێك ئاڵا لەسەر ماڵەکەی هەڵنەدات ئەوە لەکارەکەی دوردەخرێتەوە، فەسڵ دەکرێت و کەسێکی تر دەخرێتە شوێنی، بۆیە لەترسی فەسل کردنیان هەموویان ناچار بوون ئاڵای سەوز لەسەر خانوەکانیان بەرز بکەنەوە.

**بەحزبی کردنی ئاسایش**

یەکێك لە کارە دیارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشیلکردنی ریکەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بەحزبی کردنی ئاسایشە لەلایەن خودی یەکێتی و هەڵواسینی ئاڵای سەوز و وێنەی کاندیدەکانی یەکێتی یە لەسەر خانەوەکان و ئۆتۆمبیلی کارمەندانی ئاسایش بەتایبەت بەشێك لەو ئۆتۆمبیلانە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو کارمەدانەی ئاسایش دابینکراوە، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کارەکانی حکومەت، بەکارهێنانی سەروەت و سامانی گشتی بۆ پرۆسەی هەڵبژادن .

**یەکێتی شەری گۆران بەئاسایش و پێشمەرگە دەکات**

ئەوەی لەئیستادا دەردەکەوێت لەلایەن یەکێتی یەوە ئەوەیە کە یەکێتی دەیەوێت شەری سیاسی و هەڵبژاردن لەریگەی ئاسایش و پێشمەرگە بکات، هاندانی پێشمەرگە بۆ خۆپیشاندان دژی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانی لیستی گۆران دەلالەتی ئەو راستی یەن کەیەکێتی دەیەوێت لەریگەی هێزەوە تۆڵە لەنەیارەسەرسەختەی (بزوتنەوەی گۆران) بکاتەوە، ئەمەش بێگومان لەهەرچرکە ساتێکدا چاوەرێی ئەوە دەکرێت کەکێشەیەکی سیاسی و کێشەی ناوخۆی رووبەروی واقیعی ئیستای هەریم ببێتەوە.

**پێشمەرگەو چارەنوسی هەڵبژاردن**

ئەوەی تائیستا زۆربەی سیاسیەکان لێی دەترسن دروست بوونی مەترسی گەورەیە لەریگەی دەست خستنی پێشمەرگە و کردنی هێزی پێشمەرگەیە لەهێزێکی نیزامی و نەتەوەی یەوە بۆ هێزێکی حزبی یەکێتی بچوك، کەئەمە پرۆسەی هەڵبژاردن لەپرۆسەیەکی دێموکراسی و مەدەنی یەوە دەگۆرێت بۆ پرۆسەیەکی لۆکاڵی چەقبەستوی ، کەهیچ دەرئەنجامێکی پۆزەتیف لەگەڵ خۆیادا ناهێنێت. بۆیە گرنگە کە یەکێتی و بەرپرسانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی دەرك بەو راستی یە بکەن و کار بکەن بۆریگەگرتن لەو هەوڵانەی کەئیستا خەریکە زۆربەی ناوچەکانی پاریزگای سلیمانی دادەپۆشێت.

**بەرێوەبەری قوتابخانەکان بانگەشە بۆ یەکێتی دەکەن**

ماوەی چەند رۆژێکە لەسنوری پاریزگای سلیمانی بەبریاری یەکێتی سەرجەم بەرێوەبەروبەرپرسی بەشە جیاجیاکانی پەروەردەیەکان خەریکی گەران و سەردانی ماڵی مامۆستایان دەکەن بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایانە دەنگ بدەن بەلیستی هاوپەیمانی و کاندیەکانی یەکێتی نیشتمانی ، لەوەرێگەیەوە دەیانەوێت دەنگی زۆر بۆکاندیدەکانی یەکێتی کۆبکەنەوە، ئەمەش دورە لەهەربنەمایەکی سیستەمی پەروەردە نوێ ، هەوڵێکە بۆگیرانەوەی هەیمەنی حزب بەسەر ناوەندەکانی خوێندنا.

# کۆمەڵ دەیەوێت ئاین بکاتە پردێک بۆ گەیشتن بەپەرلەمان

# کۆمەڵی ئیسلامی دەقەکانی قورئان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار دەهێنێت

**راپۆرتی: هەولێر**






بەکارهێنانی ئاین و تێکستە ئاینەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردی شتێکی تازە نی یە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بەشێك لەلایەنە سیاسی یە ئیسلامیەکان لەگەڵ هەڵواسینی پۆستەری کاندیدەکان کۆمەڵێك دروشم و تێکستی قورئانی پیرۆزیان هەڵواسی یەوە، ئەم کارەش دژ بەبنەماسەرکی یەکانی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، دەیانەوێت لەرێگەی ئەو کارەیانەوە هەست و نەستی مسوڵمانان بەلای خۆیاندا رابکێشن و دەنگی هاوڵاتیان بەلای خۆیان ببەن.


علی کەریم سەرۆکی ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەم بارەیەوەئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت» بەبروای من هەموو کەسێك ئازادە لەدەربرینی بیروراکانی خۆی و هەڵوێستەکانی خۆی، بەڵام هەرکەسێك ئاین بکاتە پردێك بۆ ئەوەی پێیدا


علی کەریم سەرۆکی ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

بێت لەگەڵ پەیامی ئەو تێکستە«. مەریوان نەقشبەندی بەرێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەبونی ئەو حاڵەتانە دەکات و دەڵێت»ناکرێت بڵێن ئەو کەسانە لەیاسالایانداوە، دەکرێت بڵێن فیڵیان کردوە لەیاساکان و رینمایەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ نمونە مامۆستایەکی ئاینی رسمی خۆی گرتوە لەسەر میمبەری مزگەوتەکەیدا بەجلی رسمی مەلایەتی یەوە و وێنەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەوە دەلیلێکە لەسەر ئەوەی سۆزی خەڵك رابکێشن. مەریوان نەقشبەندی ووتیشی «هەندێك لەئیشەکانی تر مامۆستایانی ئاینی ناکەن بەڵکو حزبەکان و کاندیدەکان دەیکەن ، کاتێك دەچنە بەردەم قەرەباڵغی مزگەوتێکەوە شیرینی دابەش دەکەن و لەگەڵیشیدا وێنەو




بپەرێتەوە بۆ دەسەڵات ئەوە بەهەڵە بەکارهێنانە، ئەو قۆستنەوەیە بەکارهێنانی ئاین بۆمەرامی نائاینی کەئەمەش ئیشکالیات دروست دەکات ، بۆیە هەموو ئەوکەسانەی دروشمێکی دینی دەخەنە سەروی خۆیان مانایی وایە ئەوان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن هەموو ئەوانی دیکە تەکفیردەکەن ، ئەوەی کەدەڵێت لاالەالا اللە محمد رسول اللە دروشمی ئێمەیەو دەنگی پێبدەن ، ئەگەر دەنگ نەدا ئەوە کافری، ئەوە ئیشکالیاتە چونکە دەنگدان شتێکی تایبەتی یە، کێ دەڵێت ئەوەکەس و لایەنە راستەلەگەڵ ئەو دروشمە؟ کێ دەڵێت ئەوشتانەدەکات کەکۆك



مەریوان نەقشبەندی

ڕەقەمـــی کاندیدێك بەخەڵـــك دەدەن ئەمانە هەمووی پێشیلکاری لەیاساکانی کۆمسیۆنی باڵایە ، بە لاَم بەشێوەیەك دەکرێت بڵێن وەستایانە بەکاری دەهێنن. علی کەریم چاودێری سیاســـی تیشك دەخاتە سەر ئەوەی بەکار هێنانی ئاین لەلایەن لیستەکانەوە کاریکی نائەخلاقی یە، دورە لەبنەماکانی کاری سیاسی و دەڵێت» بۆئەوەی ململانێکان ململانێی ئینسانی بن لەچوارچێوەی تێز و تواناو روانینی نەچێتە بـــواری بەکارهێنانی پیـــرۆزی ئایـــن، یان موقەدەســـاتی هەموو خەڵك بـــەکار بهێنێت و خۆی بەنوێنـــەری خوا بزانێـــت ، یان خۆی بەنوێنـــەری دیـــن بزانێت، پێویســـتە هەموولایەك دورکەونەوە لەتێکســـت و دەقەءئاینی یـــەکان ، وەك ریکلامێك بۆهەڵبـــژاردن چونکە پێـــش ئەوەی کۆمەڵگە زەرەد بکات زەربەی گەورە بەدروشم و ناوبانگی ئەو ئاینە دەدات . لەگەڵ ئەوەی بەکار هێنانی تێکستی ئاین کارێکی ناشـــیاوە، لەهەمانکاتدا کۆپیی کردنی ئەو تێکســـتانە لەگەڵ وێنەکانـــدا کاریگەری دەبێت لەســـەر هەســـتی ئاینی بەتایبەت ئەو کاتەی ئەو وێنەیەدەکەوێتە خوارەوەو هاولاَتیان پێـــی لێدەنێن، لەم بارەیـــەوە مەریوان نەقشـــبەندی بەریوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەو قاف دەڵێت» هەرئەمرۆ دەیان پۆستەرو لافیتەم بینی کەسورەتی قورئانیانـــی پیرۆزیان لەســـەر بوو ، کەلیمەی اللەاکبر ی لەسەر بوو لەسەر جادەکان کەوتبوو ، خەڵك بەســـەریاندا دەرۆیشت ، سەیارە بەسەریان دەکەوت» . ناوبراو ووتیشـــی «ئەوە دەلیلێکە بۆ ئەوانەی کەدروشمە ئاینی یەکان بەکار دەهێنن بـــۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن ، هیچ مەبەستیان لەپیرۆزی ئاین نی یە بەڵکو مەبەستیانە لەو ریگەیەوە بگەنە کورسی دەســـەلاَت، ئەوە ئاماژەیەکی روونـــە بۆ ئـــەو کەســـانەی کەیاری بەســـۆزی خەڵك دەکـــەن، هەرچەندە خەلکی کوردســـتان ئـــەو قۆناغەی تێپەراندوە کەئاینیان پێبفرۆشرێت «. ووتیشی» ئیســـتا فیر بوون مەسیج بۆخەڵك دەنێـــرن دەڵێن ئەگەر دەنگ نەدەیت بەفلانـــە هێز و فلانە کاندیدە ئەوە لەدنیای تر جەهەنم جێگەیەتی ، بە بڕوای من باشترە ئەو کەس وهێزانە وەك هەمـــوو هێـــز و کاندیەکانی تر بەرنامەی سیاسی خۆیان ئاشکرا بکەن .






# پۆستەرەكانی گۆڕان لەئێران چاپ دەكرێن
# ئێران هاوكاری ليستی گۆڕان دەكات

ليستی گـــۆران بـــۆ يەكـــەم جار لەهەڵبژاردنی مانگی حەوتی ســاڵی رابردوو بەشداری هەڵبژاردنی پەرلە مانی كوردســتانی كردو توانی بيست و پێنج كورســی بۆخۆی مســۆگەر بكات، ببێتە يەكەم هێزی ئۆپۆزسيۆنی راستەقينە لەناو پەرلەمانی كوردستان، جــێ پێــی هەريــەك لەيەكگرتوو ، كۆمەڵی ئيســلامی ، سۆسيالســت، زەحمەتكێشــان لەق بكات، متمانەی ئۆپۆزسـيۆن بونيان لێ بسـەنێتەوە.

دروست بونی گۆران و لاواز بونی يەكێتی لەگەڵ دورســت بونی ليست گۆران و بەهێز بونــی، لەهەمانكاتدا يەكێتی نيشــتمانی بەرەو لاواز بــوون چوو،



## راپۆرتی شیکاری تایبەت: سلیمانی

بەهۆی ئەوەی پێکهاتەیەکی سەرەکی لەمەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لێ جیابویەوە، چونە دەرەوەی یەکێتی و بەشێوەیەکی نوێ دەستیان بەکار کردن کرد لەناو لیستی گۆڕان. کێ یارمەتی گۆڕانە دەدات کۆمپانیای ووشە جگە بودجەی بەشی راگەیاندن هیچ بودجەیەك لەحکومەت وەرناگرێت، ئەوەش گەورەترین پرسیاری بێ وەڵامی لای هاوڵاتیان و لایەنە سیاسیەکان دروست کردوە، کەکێ دارایی لیستی گۆڕان دابین دەکات؟ ئەو مەرجانە چین کەخەڵك لەبەرامبەر پێشەکشکردنی دارایی لەکۆمپانیای ووشە داوایان دەکات؟ ئایا لەلایەن حکومەتی عیراق و خودی نوری مالیکی یەوە لیستی گۆڕان هاوکاری دەکرێت؟ یان ئیران پێویستی بەسەرکەوتنی ئەو حزبە هەیە هاوکاری مادی پێدەدات؟ یانیش وڵاتانی تری وەك ئەمریکا وولاتانی ئەوروپا بۆ پتەو بونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان هاوکاری مادی و مەعنەوەی پێشکەش بەلیستی گۆڕان دەکات؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر تائیستا بێ وەڵامن.

کێ بودجەی هەڵبژاردن بۆ گۆڕان دابین دەکات

بەبەشداری کردنی لیست و قەوارە سیاسیەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردن پێویستیان بەگەورەترین بودجە دەبێت ، بەتایبەت لەکاتی دەست پێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەوەی تائیستا روون نی یە ئەوەیە کەلیستی گۆڕان بۆ ئەم هەڵبژاردنە چەند بودجەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تەرخان کردوە، کێ ئەو بودجەیە دابین دەکات. ئەگەر چی لەهەڵبژادنی رابردوو سەرکردەکانی لیستی گۆڕان کاتێك رووبەروی پرسیاریکی وادەبونەوە کەچەند بوجەتان سەرف کردوە، کێ بۆی دابین کردون ، یەکسەر دەیان گوت بودجەیەکی کەمەو لەلایەن خێرخوازان و بازرگانانی گۆڕانخواز ئەو بودجەیە دابینکراوە، ژمارەی حسابی تایبەتیان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك دورست کردبوو، بەڵام ئەوجارە نەکەناڵەکانی لیستی گۆڕان داوای کۆمەك دەکەن و نەژمارەی حسابیشان بلاو کراوەتەوە، ئەمەش جۆریك لەگومان لەلای خەلك دروست دەکات




کەکێ یارمەتی ئەو لیستە دەدات.
ئیران هاوکاری گۆران دەکات بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست گۆڤاری چرکە کەوتون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەکۆمپانیای ووشە (لیستی گۆران) زۆربەی پۆستەر و پێداویستیەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی لەولاتی ئیران لەچاپ داوەو ئیران یارمەتی جدی کردوە بۆ ئەوەی ئەو لیستە بەردەوام بێت لەسەر چونە ناوپرۆسەی سیاسی. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کەلیستی گۆران وەك بەشێك لەحزبەسیاسیەکانی تر پشت بەولاتانی تر دەبەستێت و هاوکاری مادی و مەعنەوەی یان لێوەردەگرێت.

نەوشیروان لەمالکی نزیك دەبیتەوە
یەکێك لەو ئەگەر و پێشهاتانەی کەچاوەروان دەکرێت لێك نزیك بونەوەی نێوان مالکی و نەوشیروان مستەفایە، بەهۆی ئەوەی مالکی بۆ جاری دووەم چاوی لەسەر پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی هەیە لەگەڵ کورد، لەرابردووشدا مالکی زۆرترین دژایەتی کوردی کردوە و بەو هۆیەشەوە هەردوو حزبی دەسەلاتدار لەمالکی نیگەرانن و چاوەروان دەکرێت جاریکی تر متمانەی بێنەبەخشن بۆ ئەوەی جاریکی تر ببێتەوە بەسەرۆك وەزیری عیراق. بۆیە مالکی بەدوای بەدیلیکی تر دا دەگەرێت بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو پۆستە، بۆ ئەم مەبەستەش دوو ریگەی لەبەردەم داهەیە، ریگەی یەکەم رازی کردنی پارتی و یەکێتی (هاوپەیمانی کوردستان) بەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانی چوارسالی رابردوو ، بەتایبەت جێبەجێکردنی مادەی 140 و دابین کردنی بودجەی پێویست بۆی ، ریگەی دووەم نزیك کەتنەوەیەتی لەلیستی گۆران و نەشیروان مستەفا.

# چارەسەرکردنی گرفتەکان ئافرەتان بانگەشەی هەڵبژاردنەیان بەرنامەی کاندیدەکان

**راپۆرتی: سلیمانی**



ئا:ئەمین ئاکۆ

پرۆسەی هەڵبژاردن تەنها لەرۆژی دەنگدان کۆنابێتەوە بەڵکو لەریگەی ئەو پرۆسەیەوە هەموو لیستەکان دەیانەوێت لەرێگەی بەنامەکانیانەوە کار بکەن بۆچارەسەرکردنی کێشە هەنوکەیەکانی توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵ، وەك لاوان ژنان، منداڵان .... هتد وەك دەبینین لەبەنامەی لیستەکاندا بانگەشەی باشکردنی دۆخی ژنان و چارەسەرکردنی ئاریشەکانی گەنجان دەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە تاچەند ئەو هێز و لایەنە سیاسیانە گەرەکیانە کار بکەن بۆ بەدی هێنانی خواستەکان و پراکتیزەکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن؟ ئایا ئەو شتانەی لەلایەن لیستەکانەوە باسی لێوە دەکرێت تەنها قسەیە و بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە یان پرۆژەو بەرنامەی کاندیدەکان؟ بەتایبەت کاندیدە ژنەکان چەندە دەتوانن چارەسەری کێشەکانی توێژی مێینە بکەن. شیرین هەردی توێژەی کۆمەڵایەتی بۆچونی وایە«کەهەموو ژنە کاندیدەکان بانگەشەی باشکردنی دۆخی توێژی ژنان دەکەن ، بەڵام ئەوەی گرنگە تاچەند ئەوە دەبێتە بەرنامەی دوای هەڵبژاردن، چونکە ئێمە زۆرجار بینێومانە هەموو ئەوانەی خۆیان بۆپۆستێك دەپاڵێون زۆرتریت قسەو بەڵێن دەدەن ، بە لام بەداخەوە دواتر کەدەگەنە پۆستەکەیان بیریان نامێتێت چ بەڵێنێکان داوە و بەچ قۆناغێك ئەو پۆستەیان بەدەی هێناوە« چیا یاسین رۆژنامەنوس و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان لەوەلامی پرسیاری پێتوایە پرۆسەی هەڵبژاردن کێشەکانی ژنان چارەسەر دەکات دەلیت» کێشەی ژن مێژویەکی کۆنی هەیە لەجیهاندا, لەگەڵ دروستبونی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ ژن ڕوبەڕوی کێشە بۆتەوە, کێشەکانیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ

ئەوەی تر جیاوازە, ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوبەڕوی کێشەی ئاڵۆز دەبێتەوە بەهۆی ئەو کلتور ودابونەریتەی کە کۆمەڵکەی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی ئێمەی پێوەبەندە, کە پیاوسالاری باڵادەستە بەسەر هەڵسوکەوت ورەفتاری ژناندا ڕێگری دروستدەکات لەبەردەم دەرکەوتنی تواناکانیاندا , بەشداریکردنی ژن لەهەڵبژاردندا واتە بەشداریکردنە لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی وولاتدا,بوونی ژنان لە پەرلەماندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بۆسەر هۆشیاری کۆمەڵگەو ژنان, چونکە هەڵبژاردن پرۆسەیەکە ممارسەکردنی وەك ژنی دەنگدەر یان کاندید هەولّی هێنانە ناوەوەی ژنان دەدات بۆ بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسیدا, ئاشکرایە ممارسەکردنی مافی دەنگدان مافێکی سیاسی ژنە بەپێی مادەی یەك لە ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافی سیاسی ژن هەروەها خۆ کاندید کردنیش مافێکی سیاسی ژنانە« . مادەی یەکەم: ژنان مافی دەنگ دانیان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا هەیە, بەو مەرجەی ئەمان و پیاوان، بە بی هیچ هەڵاواردنێك, یەکسان بن.مادەی دووەم :ژنان مافی ئەوەیان هەیە بۆ هەموو دەستە هەڵبژێردراوەکان, لە دەنگ دانێکی گشتیدا هەڵبژێردرێن . کە بەپێی یاسا نیشتمانیەکان دامەزراوە، بەو مەرجەی ئەمان و پیاوان، بە بی هیچ هەڵاواردنێك, یەکسان بن. بۆیە درککردنی ژن بە گرنگی دەنگی خۆی لەپرۆسەیەکی وادا ممارسەکردنی مافێکی ئاسایی خۆیەتی وهەڵبژاردن بەبی بەشداری ئەو لاسەنگ دەبێت, هەروەها سستمی کۆتا کەلەدەستوری هەمیشەیی ئێراقدا جێگیربوەء هاوکاری ژن دەکات کە بتوانێت بچێتە پەرلەمانەوە, بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاستەوخوکێشە کانی ژنان چارەسەرناکات بەڵکو ممارسەکردنی مافی سیاسی ژنە ءهەولّێکە بۆ بەشداریکردنی ژن لەناوەندەکانی بڕیاردا «. چیا یاسین رۆژنامەنوس و داکۆکیاری مافەکانی ژنان ووتیشی « خۆشبەختانە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراقدا پرۆسەکە نیمچە کراوەیە, کە جگە لە قەوارە سیاسیەکان دەنگدەر بوی





هەیە دەنگ بە کاندێکی ناو قەوارەکە بدات ئەمەش وا لە دەنگدەر دەکات کە ئازادانە ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت , هەرئەمەش وایکردوە کە کۆمەڵێك ژن خۆیان کاندید بکەن وتواناکانیان نیشانی جەماوەر بدەن و باس لەکارەکانی خۆیان بکەن بو ئەوەی دەنگی پێویست بەدەستبهێنن, هەروەها فرسەتێکە بۆ ژنان کەدەنگ بەکاندیدە ژنەکان بدەن . بەشێك لەو بەڵێنانەی کەبەجەماوەر دەدرێت ناواقعین, ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ دوو هۆ یەکەمیان: ڕون نەبوونی ئەرك ودەسە ڵاتی پەرلەمانتار لەلای ئەندام پەرلەمانەکان خۆیان جەماوەرەکەی کە بەڵێنی پێدەدەن, لەکاتی بانگەشەدا گوێمان لەهەندێك کاندید دەبێت کە باس لەهەندێك مەسەلە دەکات کە کاری ئەو نیە, هۆکاری دوەمیش ڕاکێشانی دەنگی زۆرینەی دەنگدەرە بەلای خۆیاندا, لەڕێگەی درککردنیان بەداخوازی جەماوەرو گرتنی خاڵی لاوازی جەماوەر , بەڵێنی ناواقعی بەهەموو گەل دەدەن نەك تەنها بەژنان, ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئێمە نازانن پەرلەمان ڕۆڵی چیەو دەسە ڵاتی ئەندام پەرلەمانەکان لەچیدا خۆی دەبینێتەوە, لەلایەکی تریشەوە بو ڕاکێشانی زۆرترین دەنگە بۆ خۆیان لەڕێگەی ئەو بەڵێنانەی کە لە ڕاستیدا لەدەسەڵاتی ئەواندا نیە ,واتە مەبەستەکە تەنها ڕاکێشانی زۆرترین دەنگە بۆ خۆیان.

شیرین هەردی تویژەی کۆمەلایەتی لەبارەی ئەرکی ژنە پەرلەمانتاری ژن دەلیت «پیوستە ژنان لەپەرلەمان هەموجیاوازیەکان بەلاوە بنین و تەنها کار بۆژنان بکەن، بزانن پیش ئەوەینوینەری حزبیك،نەتەوەیەك بن نوینەری تویژی خۆیانن، دەبیت هەول بدەن هەموو ئەو یاسایانە بگۆرن کەژن وەك مرۆڤی پلەدوو دەبینن»

چیا یاسینیش پیی وایە« ئەرکی هەرپەلەمانتارێك کە دەنگی پێویست بەدەست دەهێنێت نوێنەرایەتیکردنی گەلە وداکۆکیکردنە لەمافی گەلەکەی جا کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابوری وتەندروستی وزانستی یان هەر بوارێك لەبوارەکانی ژیان بێت و هەوڵی دابینکردنی پێداویستیە مادی ومرۆییەکان بدات لەڕێگەی یاساوە ,چونکە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق دەسەڵاتێکی یاسادانانە بۆ هەموو وولات, چونەناو پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتیکردنی گەل بەشداركردنە لە بەڕێوەبردنی سستەمی سیاسی وولاتدا, زیاتر کاری پەرلەمانتارەکان خۆی لەداکۆکی لەمەسەلە سیاسی و داراییەکاندا دەبینێتەوە, پێویستە پەرلەمانتاران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق ڕۆڵی کارایان هەبێت لە دانانی یاسای وادا کەڕۆڵی هەبێت لەیەکسانبوونی ڕەگەزی وبەمەدەنی بوونی کۆمەڵگە, کە گەشە بەباری کۆمە ڵایەتی کۆمەڵگە بدات لەپاڵ هەموو بوارەکانی تردا .

ووتیشی «کەباس لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی دەکرێت هەموو بیروبۆچونمان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دەڕوات کەمەسەلەیەکی سیاسیە وڕاستەخۆ پەیوەندی بەبەرژەوەندیە سیاسیەکانەوە هەیە لەناوچەکەی خۆماندا کەلەڕاستیدا هەموو بوارەکانی تریش لەپاڵ ئەو بوارەدا گرنگە کەپەرەی پێبدرێت بۆیە ئەرکی ژنە پەرلەمانتارەکانە کە ئەوان باشتر پێداگری لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان وهەمواركردنی یاساکانی باری کەسێتی بکەن هەموو ئەو یاسایانەی کە ژن نایەکسان دەکات لەگەڵ پیاواندا لە دادگا ودەرەوەی دادگا».

ئەداکۆکیکاری بواری مافەکانی ژنان (چیا یاسین )ئاماژە بۆئەوە دەکات کەدەکرێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کێشەکانی ژنان چارەسەر بکریت و دەلیت»پەرلەمان دەسەلاتێکی جێبجێکار نیە تا بتوانێت ڕاستەوخۆ کێشەکانی ژنانی تیادا چارەسەر بکرێت, بەڵکو پرۆژە یاسایان لەچەند لایەنێکەوە پێشکەش دەکرێت لەوانە لەڕێگەی ڕێکخراوە ناوخۆییە ناحکومی ناحزبیەکان کەبە ڕێکخراوی مەدەنی دەناسرێن, هەروەها لە گروپ وتاقمی ڕۆشنفکر ء کەسایەتی دیار هەروەها لەڕێگەی دامودەزگا حکومیەکان و کەرتی تایبەتەوە, کەلەپێناو باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵك و گروپ و کۆمەڵەکانەوە کە نوێنەری توێژێکی ناو کۆمەڵگەن, هەروەها هەرلەڕێگەی کەرتی تایبەت و گشتیەوە داوای هەمواركردنی یاسا کۆنەکان دەکرێت کەلەگەڵ باروگوزەرانی ئەمرۆی کۆمەڵگەدا یەکبگرێتەوە هەروەها پەرلەمانتار وفراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆی هەیە کەپرۆژە یاسای هەبێت.

چارەسەرکردنی کێشەی ژنان پێویستە بەچەند قۆناغێکدا بڕوات کەسەرەتاکەی لە پەرلەمانەوە دەستپێدەکات پاش ئەوەی لەلایەن ئەو دەزگایانەی باسمانکرد پرۆژە یاسایان پێشکەش دەکرێت, هەموو ئەو پرۆژانە بەپێی بەرژەوەندی گشتی تاووتوی دەکرێت وگفتوگۆی لەسەر دەکرێت پاش ئەوەی لەپەرلەمان جێگیردەکرێت وەك یاسا پێشکەشی حکومەت دەکرێت, حکومەتیش ملزەم دەکرێت بەجێبجێکردنی لەڕێگەی دەزگا فەرمیەکان و دادگاوە, بۆیە کێشەکانی ژنان لەماوەیەکی کەم بە پەرلەمانێك وچەند خولێکی دواتریش چارەسەر ناکرێت بەڵکو لەگەڵ زەمەندا کێشەکان بەردەوام دەبن بەڵام فۆرمی جیاجیا لەخۆدەگرێت, بەڵام دەکرێت لەڕێگەی یاساو پەرلەمانەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە زاڵببین بەسەر کێشە قورسەکانی وەك کوشتنی ژن لەژێر هەر ناوو پاساوێکدا بێت, هەروەها پاڵپشتی یاسا بەدەستبهێنن بۆ پارێزگاریکردن لەمافەکانی ژن, بەمەش بەشێك لەکێشە کۆمە ڵایەتیەکان و کێشەی ژنان چارەسەر دەکرێت .

# زۆربەی بانگەشەكارانی گۆران مافی دەنگدانیان نی یە

## راپۆرتی: سلیمانی

پاریزگای سلیمانی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە حەقدە كورسی بەركەوتوە، بۆیە زۆرترین ململانێ لەناو ئەو پاریزگایەدا دەبیندرێت، كاتێك لەدەروازەی ئەو شارە نزیك دەبیتەوە، بەرەو ناوبازار هەنگاو دەنێیت دەبینیت كەئەو شارە دابەش بوە بەسەر دوولایەندا ئەویش پۆستەر و لافیتە، ئالای گۆران و یەكێتی دا، هەریەكەیان بەشێك لەشارەكەیان بۆ خۆیان دابریوە، میراتی ئەو شارەیان كردوە بەدووكەرتی یەكسانەوە، وەك بڵێت یەكێتی یە كۆنەكە خاوەن و باوكی شاری سلیمانی بوبێت، بۆیە بەشێكی بەرلیستی گۆران كەوتوە، بەشێكی تریشی بۆ یەكێتی جێ ماوە.

### جەماوەری گۆران زیاترە

هەموو شەوێكی سلیمانی بانگەشەكارانی هەردوو لا دەست دەكەن بەبانگەشەی هەڵبژاردن، شەقامی سەهۆڵەكە پردەبێت لەدەنگی گەنجان، یەكێك لەرۆژنامەنوسانیش پێی وایە ئەو شەقامە دابەش بوە بەسەر هەردوو لیستی گۆران و هاوپەیمانی، شەوانە تادەرەنگانێك لەسەر جادە دروشمەكان دەڵێنەوە و بەئۆتۆمبیلەكانیان بەشەقامەكاندا دەسورینەوە، ئەو رۆژنامەنوسە باس لەوەش دەكات كەلەنێوان هەردوو لا پۆلیسی چالاكی یەمەدەنیەكان هەیە، هەركاتێك ئەو پۆلیسانە ئاگاباو بن، بانگەشەكاران دەست دەكەن بەشەرە دار و لەیەكتری دەدەن.

### یەكێتی و گۆران منداڵ بەكار دەهێنن

بەپێی یاسای هەڵبژاردن یەكێك لەمەرجە ئەساسیەكانی كەسی بەشدار بوی هەڵبژاردن تەواكردنی تەمەنی هەژدەساڵی یە، بەلام ئەوەی تێبینی دەكرێت زۆربەی ئەوانەی شەوانە و رۆژانە لەسەر شەقامەكان ئالای سەوز و نیلی بەرز دەكەنەوە یان منداڵن ، یاخود لەروی تەمەنەوە كەسانی هەرزەن، شمولی دەنگدان ناكەن وبەپێی یاسا مافی دەنگدانیان نی یە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەكات كەگۆران و یەكێتی منداڵ بۆ بانگەشەكردنی هەڵبژاردن بەكار دەهێنن، ئەوەی پیشانی جەماوەری دەدەن، شەری سایكۆلۆژی پێدەكەن، كەسانێك نین بەپێی یاسا مافی دەنگادنیان هەبێت.

### شەرەكە كەی كۆتای دێت

دوابەدوی جیابونەوەی كۆمپانیای ووشە لەیەكێتی شەری راگەیاندن دەستی پیكردوە، تاكار گەیشتە سەر یەكتر شكاندن و بلاوكردنەوەی نەهێنینەكانی حزب، دەرخستنی ئەو راستیانەی زەمەنێكە لەخەلك شاراوەن، رۆژبەرۆژیش شەرەكە بەردەوامەگەرمتر دەبێت، تەنانەت خەریكە هەوادارنی هەردوولا توشی بیزاری دەبن، لەو جەنگە سواوە، بۆیە ئەگەر ئەو شەرەدەرونی یە كۆتای پێنەهێت، ئەوە هەردوولا توشی شۆكیكی لەناكاو دەبن، چارەنوسیان بەئاسارتەیەكی نادیار هەنگاو دەهاوێت.

### دەنگۆی یەكگرتنەوە

بونی ئینشقاق لەناو كوردا مێژویەكی درێژی هەیە، بەردەوام لەكاتی بەهیز بوونی حزبەكاندا بەشیك لەسەركردایەتی ئەو حزبە لەحزبەكەی جیا بۆتەوە، ئەمەش حزبەكەی لاواز كردوە، دیارترین جیابونەوەی ناو یەكێتی هاتنەدەرەوەی سەركردەكانی لیستی گۆران بوو لەناو مەكتەب سیاسی و سەكردایەتی حزب، ئەمەش حزبەكەی تەواو پەك خست و كردیە حزبیكی بچوك، بۆیە ئیستا باس لەوە دەكرێت ئەگەر ئەمجارە یەكێتی لەسلیمانی شكست بهێنێت هەوڵی ئاشتكردنەوەی هەردوولا دەدرێت، بۆئەوەی یەكێتی بەرەولەناوچون نەروات، بەلام چونەوە ناوەوەی نەوشیروان بۆناو یەكێتی پێویستی بەلەدەست دانی پۆستەكەی تاڵەبانی هەیە، ئەمەش شتێكە وەها بەئاسانی نایەتە دەست.

# لیستی گۆران و ئەرشەد زێباری لە موسل پێکەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن



لیستی گۆران لە هەشت پارێزگای عێراق دا کاندیدی هەیە بۆ هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی بەغدا و بانگەشەی هەڵبژاردنی زۆر رەونەقدارە وگەم وگوڕی زۆری پێوە دیارە و خۆیان وا نیشان دەدەن کە بەس ئەوان لە خەمی کوردن و تەنیا ئەوان دەتوانن فریادرەس بن بۆ گەیشتن بە عەدالەت ویەکسانی وئازادی و دیموکراسی . ئەوان دەڵێن ئێمە بۆ بەختەوەری میللەت تێدەکۆشین و شەری هەمو ئەو لایەنانە دەکەین کە بە زەرەری کوردستان هەنگاویان ناوە و دەیانەوێ هەنگاو بنێن. و هێما بۆ ئەوە دەکەن کە نوێنەرانی کورد هیچیان نەکردوە و سەرگەرمی پلە وپۆست وکاروباری بەرژەوەندی خۆیانن و هەروەها بەڕای ئەوان بارودۆخی عێراق هەمیشە لەبار بووە بۆ کورد،و لاوازی و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان کوردستان و عێراق دەگەرێننەوە بۆ عەقلیەت و بەرژەوەندی حیزبی. تەعدای ئەوە دەکەن بۆ خەڵك ڕونی بکەنەوە کە کاری لیستی گۆران دوای نەتیجەی

**راپۆرتی شیکاری تایبەت: هەولێر**

# لێدوانەكانی عەدنان عوسمان ناكۆكی دەخاتە ناوسەركردایەتی لیستی گۆڕان

هەڵبژاردن ئەوەیە كە نوێنەرایەتیەكی بەهێز لە بەغدا دروست دەكەن وئەم نوێنەرانە بەرژەوەندییەكانی كورد وكوردستان دەپارێزن. بۆیە قسە و رەفتارە و شێوازی كاركردنیان جێگەی تێرامان وسەرنجە كە تا چەند ئەمانە بۆ ئەو ئامانجە باشانە هەوڵ دەدەن و گرنگتر لەهەمویان ئەوەیە كە شێوازەكان و ڕێگاكانی ئەم هەوڵ و تەقەلایانەیان بە چ قۆناغێك و بارودۆخێك تێدەپەڕێ و بۆ بردنەوەی زۆرترین دەنگ لە سندوقەكانی هەڵبژاردن چۆن ئیش دەكەن و پەنا بۆ كام میكانیزمی ڕێگە پێدراو و پێنەدراو دەبەن. وەكو زۆربەی پارێزگاكانی تری عێراق لیستی گۆڕان لە پارێزگای موسل ململانێكی قورس دەكات و بانگەشەی هەڵبژاردنی لەوێش گەرم وگورە. ئەو بەدواداچونانەی كە كراوە لەو پارێزگایە لە سەر هەڵبژاردن ئەوە بەدیار كەوتوە كە ئەم لیستە بە پشتیوانی و پشتگیری دڵدار ئەرشەد زێباری و چەكدارەكانی ئیش دەكەن و چەكدارەكانیان لیستی گۆران پاڵپشتی دەكەن و ئەم لیستە دەپارێزن. زۆربەی خەڵكی كوردستان دەزانن ئەم پیاوە كێیە و مێژویەكی چۆنی بەرامبەر كوردستان هەیە بۆیە هەندێك لە چاودێرانی سیاسی كورد ئەم هاوبەشی وهاوكارییە بە شتێكی باش وەسف ناكەن،لە بەر ئەوەی كە ئەمانە زۆربەیان تاوانیان بەرامبەر كورد كردوە و جاشی حكومەتی بەعسی روخاو بون.

**لێدوانەكانی عەدنان عوسمان ناكۆكی دەخاتە ناوسەركردایەتی لیستی گۆڕان**

پاش لێدوانەكانی عەدنان عوسمان ئەندام پەرلەمانی كوردستان لە سەر لیستی گۆران كە پێشمەرگە بە میلیشیا ناو دەبات و ئەو كاردانەوە توندەی كە لای جەماوەری كوردستان و پێشمەر لێی كەوتەوە و هەمویان ئەم لێدوانانەیان بە سوكایەتی و بێرێزی كردنی پێشمەرگە ناو برد و هەتا ئەوەی كە سەرۆكی هەرێمیش لەم لێدوانانە بە جواب هات و سوكایەتی كردن بە پێشمەرگە ی بە خیانەت وەسف كرد و گوتی» ئەوەی كە بێرێزی بەرامبەر پێشمەرگە بكات لە كوردستان جێگەی نابێتەو ئەم ئازادیەی كوردستان بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەیە)). ئەمانە و ڕێپێوانی پێشمەرگە بەرەو پەرلەمانی كوردستان و ئیدانە كردنی ئەم لێدوانانە لە لایەن خەڵكی ناوچە جیاوازەكانی كوردستان بۆ هۆی دروست بونی ناكۆكی لە نێوان لیستی گۆران بە تایبەتی ناو سەركردایەتی گۆران ، بە جۆرێك كە هەریەك لە مستەفای سەید قادر و ئاواتی شێخ جەناب بەم لێدوانانەی ئەو ئەندام پەرلەمانە زۆر نیگەران دەبن و هەڵوێست وەردەگرن و لای نەوشیروان مستەفا كە سەرۆكی ئەم لیستەیە باسی دەكەن كە ئەم لێدوانانە كاریگەری سلبی و ڕاستەوخۆ لە سەر جەماوەر دروست دەكات و جگە لەوەی كە لایەنگرانی كەم دەكاتەوە و ڕق وكینەش بەرامبەر ئەم لیستە زیاد دەكات. بۆیە وەكو دەزانرێ كەوتونەتە تەقەلا كە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەكانیانەوە بە پاساوە جۆراوجۆرەكان ئەم لێدوانانە لە بەرچاوی جەماوەر بشارنەوە و پەنا بۆ ئەو كەسانەش دەبن كە كەسی دیاری سیاسی و رۆشنبیرین و بە جۆرێك لە دەسەڵاتی كوردی یاخی بونە.

# هەڵواسینی وێنەی مامۆستایەکی ئایینیە بە بەرگی مەلایەتی لەسەر دیواری یانەیەکی خواردنەوە کحولیەکان

راپۆرتی: هەولێر

وەك ئەوەی چاوە ڕوان دەکرا بانگەشەی هەڵبژاردن لەشاری سلێمانی وەك هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان جیاوازبێت لەبانگەشەی هەڵبژاردن لەشارەکانی هەولێرو دهۆك. بەڵام بەگوێرەی چاودێرانی سیاسی لەکوردستان, شەڕی هەڵبژاردنی ئەمجارە لەسلێمانی لەنێوان گۆڕانی یەکێتییدا بەوپێیەی لیستی هەڵبژاردن نیوە کراوەو نیوە داخراوە, بەو مانایەی لیستەکان دەتوانن بانگەشە بۆ کاندیدەکانیان بکەن, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەمە دەگەڕێننەوە کەزۆرینەی جەماوەری گۆڕان و یەکێتی لەسنوری ئیدارەی پێشووی سلێمانیدایە, بۆیە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەنێوان ئەم دوولایەنە توندتر دەبینرێت وەك لایەنەکانی تر. ئەمە لەکاتێکدایە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش بانگەشە بۆ لیستەکانیان دەکەن, تائێستاش لەمەڕ ئەم توندوتیژییەی سلێمانی بێدەنگن, لەمبارەیەوە د.رۆژان دزەیی بڕیاردەری لیژنەی یاسا لەپەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند ئەمە کارێکی سیاسییەو ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لەچوارچێوەی یاسا بانگەشە بۆ لیستەکان بکەن, چونکە یاسا قەدەغەی نەکردووە. هاوکات سەمیر سەلیم ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان هێمای بۆ ئەوەکرد هیچ گرفت و خاڵێك لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو رێنماییەکانی کۆمسیۆنیش نیە رێگری لەئەندامانی پەرلەمان بکا بانگەشە بۆ لیستەکانیان بکەن, بەمەرجێ «لەدەرەوەی پەرلەمان بێت». هاوکات هادی مەحمود وەزیری رۆشنبیری و گوتەبێژی حکومەت ئاماژەی بە ڕۆڵی حکومەت کرد لەبانگەشەی هەڵبژاردن, لەمبارەیەوە گوتی «ئەرکی حکومەتە زەمینە بۆ هەموو لیستەکان لەبار بکات بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن, لەهەمانکاتدا حکومەت بەرپرسە لەپاراستنی ئاسایشی گشتی وڵات بەشێوازێك ئازادییەکانی بەرانبەر پێشێل نەکرێت». جەختی لەوەکردەوە کە حکومەت تائێستا لایەنگری هیچ لیستێکی نەکردووە دژ بەلیستێکی تر کە «دەبێت هەروا بێت». سەبارەت بەرەوشی بانگەشەی هەڵبژاردنیش لەسلێمانی گوتەبێژی حکومەت ئاماژەی بەوەکرد کەپێشێلکاری لەسلێمانی کراوە «ئەمەش رەوشێکی مەدەنی و شارستانی نابەخشێتە بەمۆرکی هەڵبژاردنەکە, هەڵبەتە گەرمی هەڵبژاردن و پڕپاگەندە مانای پێشێلکردنی دیموکراسی و زیان گەیاندن بەخەڵك نیە, گەرمی ئەوەیە لەچوارچێوەی یاسا پڕوپاگەندە بکەن, وەك ئەوەی لەهەولێرو دهۆك ئەنجامدەدرێت». زیاتر گوتیشی «ئەوەی لەسلێمانی ململانێی سیاسییە, بەڵام دەبێت شێوازێکی دیموکراسی بگرێتەخۆی». لای خۆشیەوە کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رەخنەی توندی لەلیژنەی ئاسایشی سلێمانی گرت کەراسپێردراوە بەپاراستنی رەوشی ئاسایش لەشارەکە, داوایکرد کەپەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی بەپەلە ئەنجامبدات, گوتیشی» بەڵگە بۆ هەرەسهێنانی لیژنەی ئاسایشی سلێمانی لەپاراستنی شارەکە, بڕیارەکەی کۆمسیۆنە کەدوای کاتژمێر (9)ی شەو تا بەرە بەیانی بانگەشەی هەڵبژاردنی راگرت». پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن لەکوردستان بەگوێرەی زانیارییەکان زۆرترینیان لەشاری سلێمانی ئەنجامدراوەو دواتریش کەرکوك, ئینجا شارەکانی هەولێرو دهۆك, سەبارەت بەبەکارهێنانی دروشمە ئایینیەکانیش لەلایەن لیست و قەوارەکانەوە, مەریوان نەقشبەندی گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف تیشك دەخاتەسەر حالەتێك کەلە شاری سلێمانی وێنەی گیراوە, ئەمیش هەڵواسینی وێنەی مامۆستایەکی ئایینیە بە بەرگی مەلایەتی لەسەر دیواری یانەیەکی خواردنەوە کحولیەکان, ئەو دەڵێ: بەکارهێنانی دروشم و ئایەتەکانی



قورئانی پیرۆزی پێشێلکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنە, داواشمان لەمامۆستایانی ئایینی کردووە پابەندبن بەرێنماییەکانی کۆمسیۆن». زیاتر گوتیشی »هەموو لیستەکان دروشمەکانی ئایینی ئیسلامیان بەکارهێناوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن, بەڵام زیاتر لیستە ئیسلامیەکان». شاری سلێمانی سەرقافلەی پێشێلکارییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنە, تەنانەت لەبەکارهێنانی دروشمەکانی ئایینیش, گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژە بەوەدەکات لەشاری سلێمانی زۆرترین پێشێلکاری لەبەرکارهێنانی دروشمەکانی ئایینی ئیسلام وەك بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە, دواتر کەرکوك و ئینجا هەولێرو دهۆك. نەقشبەندی ئەوەی خستەڕوو کەمامۆستایانی ئایینی وەستایانە فێڵیان لە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو رێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف کردووە, گوتیشی »لەرێنماییەکاندا هاتووە نابێت مینبەری مزگەوت بەکاربێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن, ئەوان وێنەیان لەشوێنی مینبەری مزگەوتەکانەوە بەجلی مەلایەتییەوە گرتووە, جلی مەلایەتیش رەمزی دینیە, ئەمەش پێشێلکارییە, بۆ ئەوەی سۆزی دەنگدەری پێ رابکێشن».

پرسی کاندیدە دوورخراوەکانو هەڵوێستی عەرەبی سوننەء ئەمریکا دوای دوورخستنەوەی نزیگەی (512) کاندید لەسەرجەم لیست و قەوارەکان, دواترکەمبوونەوەی ژمارەکە بۆ (59) کاندید کەدیارترینیان هەردوو کاندیدی سوننەی عەرەب (سالح موتڵەگ و زافر ئەلعانی)بوو, تائێستا ئەم پرسە قسەی لەسەردەکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە پەرلەمانتار ئەحمەد ئەنوەر لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەوەی روونکردەوە کە (60%)ی کاندیدە دوورخراوەکان لەعەرەبی شیعە بوونە, بەڵام بەهۆی کاریگەری وڵاتانی عەرەبی سوننەء گەورەکردنی پرسی دوورخستنەوەی هەردوو کاندیدی ناسراوی عەرەبی سوننە مەغزاو لێکدانەوەی زۆری هەڵگرت. زۆرێك لەلایەنە سیاسییە سوننەکانی عێراق جەخت لەوەدەکەنەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران رۆڵی لەدوورخستنەوەیان هەبووە. پرسی دوورخستنەوەی (سالح موتلەگو زافر ئەلعانی) کەلەکاتی ئێستا لەرووی یاساییەوە مەسەلەکە کۆتایی پێهاتووەو لەرووی سیاسیشەوە هەوڵەکانی لایەنە عەرەبییە سوننەکان تائێستا شکستی هێناوە, بەڵام سەرکردەی لیستء قەوارە سوننەکان



مەسەلەکەیان قۆستۆتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو وروژاندنی سۆزی عەرەبی سوننەو وڵاتانی عەرەبیء ئیقلیمی بۆ پشتگیریکردن لەلیستەکانیان, لەنوێترین لێدوانیش ئەیاد سامەرایی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقو کاندید لەسەر لیستی ئەلعێراقیە لەدوا سەردانیدا بۆ شاری موسل پرسی دوورخستنەوەی (موتڵەگو ئەلعانی) کە دەستەی دادگای تەمییز بەبریاری دەستەی دادپەروەریء لێپێچینەوە بریاری دوورخستنەوەیانی دا, لەمبارەیەوە سامەرایی بریاری دەستەی تەمییزی بەوە وێناکرد کەلەژێر پاڵەپەستۆ بووە, گوتیشی» دەستەی دادپەروەری و لێپێچینەوە لەژێر چەتری تەسویاتی سیاسی لەدایك بووەو دەستووری نیە, چونکە پەرلەمان دەنگی لەسەرنەداوە«.

سامەڕایی هێمای بۆ ئەوەکرد کەکۆمەڵێك هۆکارو پاڵنەری دەرەکی لەپشتەوەی دوورخستنەوەی موتڵەگ و ئەلعانی هەبووە, ئەو دەڵێ» بۆ پشتگیری کردنی بریاری دەستەی تەمییز لایەنی شیعە خەڵکیان هێنایە سەر شەقامەکان.

سامەرایی لەموسل تیشك دەخاتەسەر یاسای هەڵبژاردن, گوتی»ئەم یاسایەش لەژێر چەتری تەسویاتی سیاسی دەنگی لەسەردراوە, چونکە کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێداکراوە«.

هاوکات لای خۆیەوە گوتەبێژی هێزەکانی سوپای ئەمریکا لەعێراق سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردنو دوورخستنەوەی سالح موتڵەگو زافر ئەلعانی, هێرش دەکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران, بەوەی رۆڵی شەڕانگێزی لەعێراق دەبینێ. ستیف لانزا پێشبینی هێرشی تیرۆرستی دەکات پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی عێراق, لەمەشدا ئێران بەکاراکتەری هێرشەکان دەزانێ, دەڵێ» رێژەی کردە تیرۆرستیەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (2004) (45%) کەمیکردووە«.

سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کەبڕیارە لە(7/3) ئەنجامبدرێ دەڵێ»هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تەنها کاریگەری بەسەر رەوشی ناوخۆی عێراق نیە, بەڵکو کاریگەری بەسەر داهاتووی ناوچەکە هەیە«, زیاتر گوتیشی»دەستوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە, ئێستا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستوەردەداتە ناوخۆی عێراق«.

هەر سەبارەت بەدەستوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لەکاروباری ناوخۆی عێراق, عەلی ئەدیب ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دەعوە, هۆشداری ئەوەیدا

کەسەرمایەی سیاسی بۆ کاریگەری خستەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن بەکاربهێندرێ لەرێگەی کڕینی دەنگی هاوڵاتیان بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەجێندانی وڵاتانی دراوسێ, ئەدیب کەکاندیدی لیستی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسایە, نەیشاردەوە کەعێراق لەئێستادا بووەتە شانۆی دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە, گوتیشی »دەستوەردانەکە لەرێگەی بەخشینی پارەیە بەکوتلە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان بۆ سەرخستنی ئەم کوتلانەی خۆیان مەبەستیانە«. ئەوەی بەلای ئەمریکاوە جێگەی بایەخە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق, بەرای چاودێرانی سیاسی, سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنو دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراقە, بۆ ئەم مەبەستەش کاربەدەستانی ئیدارەی ئۆباما لێدوانەکانیان بەئاراستەی پاڵنانە بەلیستء قەوارە سیاسییەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن, لەمبارەیەوە کریستۆڤەر هێلڕ رایگەیاند هەڵبژاردنی عێراق دەبێتە نموونەیەك بۆ ناوچەکە, گوتیشی » بەپشت بەستن بەم هەموو فاکتەرانە دەبینین هەڵبژاردنێکی باش دەبێت, لەمەشدا ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری عێراق دەکەن».

کۆمسیۆنو هەڵبژاردن

بەگوێرەی زانیارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان, (19)ملیۆن هاوڵاتی لەسەتاسەری عێراق مافی دەنگدانی هەیە, هاوکات لەدەرەوەی وڵاتیش نزیکەی (2) ملیۆن دەنگدەر لە(16) وڵاتی جیهان بەشداری دەنگدانی پەرلەمانی عێراقی دەکەن, هاوکات کۆمسیۆنی باڵا نزیکەی حەوت ملیۆن کارتی دەنگدانی بەزیادەوە چاپکردووە, لەمبارەیەوە فەرەج حەیدەری ئەوەی روونکردەوە کەهەر بنکەیەکی دەنگدان بڕی (50)کارتی زیادەی بۆ تەرخان دەکرێت, گوتیشی » لەعێراق (500)بنکەی دەنگدان هەیە, بەمەش ژمارەیان دەکاتە دوو ملیۆن نیو». زیاتر گوتیشی » بۆ هەر سەربازێکو پۆلیسێك (19)کارتی دەنگدان ئامادەکراوە, لەمەشدا نزیکەی دوو ملیۆن نیو کارتی زیادە چاپکراوە«. حەیدەری هۆکاری ئەمەی بۆ ئەوەگەڕاندەوە کەدەبێت بۆ هەر دەنگدەرێکی تایبەت بەتایبەتی پۆلیسء سەربازو پێشمەرگە (19) کارت دابینبکرێ, چونکە ئەو تەنها دەنگ بۆ ئەو پارێزگایە دەدات کە لێی نیشتەجێیە, کارتەکانی تر بەتاڵ دەمێننەوە, سەبارەت بە دوو ملیۆنەکەی تریش, حەیدەری ئەوەی روونکردەوە کەبەپێی پێوەری نێودەوڵەتی دەبێت کۆمسیۆن کارتی دەنگدانی زیادەی ئامادەی هەبێت, لەبەر هەر هۆکارێك کەلە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدا بێت. سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بوونی ساختەکاری لەهەڵبژاردن بەئاسایی دەزانێ, لەمبارەیەوە گوتی» کۆمسیۆن تەنها بەرپرس نیە لەرێگەگرتن لەرووودانی ساختەکاری, ئەمە پێویستە کۆمسیۆنو لیستء قەوارەکان بەیەکەوە بەر لە ساختەکاری بگرن». بەگوێرەی زانیارییەکان کۆمسیۆنی باڵا بڕیاریداوە ئەنجامی هەڵبژاردن لەهەمان ناوەندی دەنگدان ئاشکرا بکات, ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ بەرگرتن لەساختەکاری, ئەم هەوڵەی کۆمسیۆنیش لەلایەن نوێنەری UN و هێزە سیاسییەکانی عێراق پێشوازی گەرمی لێکرا. لەمبارەیەوە حەیدەری گوتی»ئەگەری ئەوەهەیە ئەنجامەکە لەهەمان بنکە رابگەیەندرێت, بۆ ئەم مەبەستەش لەگەل نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق قسەمان کردووەء گەیشتووینەتە رێککەوتن». سەبارەت بەدوایین ئاماری کۆمسیۆنیش لەمەڕ بەشداریکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ودەزگا رۆژنامەوانیەکان سەردار عەبدولکەریم ئەندامی دەستەی کۆمسیاران ئەوەی روونکردەوە تائێستا (375) رۆژنامەنووسی ناوخۆء (240) رۆژنامەنووسی بیانی ناوەکانیان تۆمارکراوە, هاوکات گوتی» (71625) چاودێری ناوخۆ کەنوێنەرایەتی (272) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدمەنی دەکەن لەلایەن کۆمسیۆنەوە تۆمارکراوون بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن, ژمارەی چاودێرانی نێودەوڵەتیش نزیکەی (525)چاودێر دەبن».

# ڕەخنەی دوای ئیفلاسی



**سابیر حوسێن**

زەرورەتی ئەم باسە و پێوستی ووروژاندن و باس کردنی ئەم بابەتە بۆچی؟ بێگومان ئەوانەی هیچیان پێ نەماوەو لەرووی سیاسی و کۆمەلایەتی وکەلتوریەوەو ئیفلاس بوونە بۆ پەیدا کردنی رەواج پەنا دەبەنە بە نوسین و دەرکردنی بەیاننامەو وروژاندن و ناوزڕندن لە سایتە ئەلیکترۆنیەکان و ئەو زمانە زبروناشیرینە بەکاردەهێنن کە خەلکی قێزی لێدەکاتەوە چونکە بەلگەی راستەقینەی تێدا نییە دواتر بەزاندنی ئەنێ ئەخلاقیەتی رۆژنامەنووسیشە,لێرەشەو چەند وشەیەك لە سەر رەخنە دەخەمە رووپەری ئەم گۆڤارەوە بەو هیوایەی لەو رێگەوە مەغزای نوسینەکەم پەیامی خۆی بە دەستەوە بدات,جارێ وەك پێشەکیەك بەپێویستی دەزانم پێناسەیەکی کورت و پوختی ڕەخنە بکەم کە ڕەخنە چیە؟ ئەگەر چی چەمکی رەخنەش زۆر هەڵدەگرێت کە لە بارەیەوە بنوسرێت بۆیە هەوڵدەدەین مەفهومە رووکەشەکەی بخەینە روو کەواتە ڕەخنە بریتیە لە ڕاست کردنەوەی هەرجۆرە حاڵەتێك یان بارودۆخێك کەشێوەیەکی نائاسایی و نایاسایی و ناتەندروستی لە دیدێکی ڕاست و دروستەوە لێ بەدی بکرێت، یان بەلێکدانەوەیەکی تر سا ڕێژکردنی برین و زامەکانە و هەوڵ دانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆیان.. کە ئەمەش بێگومان تەنها بە کەسی پسپۆ ڕ و دڵسۆز دەکرێت. واتە کەسی ڕەخنەگر پێویستە دوو مەرجی تێدا بێت بەبێ ئەم دوو مەرجە رەخنەکەی ەیچ سوودی نابێت بەڵکو نەك سوود و کەڵکی نابێت بگرە زۆر زیانی جۆرا و جۆریشی لێ دەکەوێتەوە. ئەو دوو مەرجەش بریتین لە پسپۆ ڕی و دڵسۆزی. واتا ڕەخنەگر هەم دەبێ پسپۆر و لێزان بێت وە هەمیش دڵسۆز و بەویژدان بێت.واتە ناکرێ رەخنە هەرەمەکی و بێسەرو بەر بێت و تەنها لە رەق و کینەوە سەرچاوەی گرتبێ با رەخنە لێگیراویش ستەمکارو زاڵمیش بێت چونکە بە پەیرەو نەکرنی دیسپلینەکانی رەخنە,رەخنەگریش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەو ستەمکارە نامێنێت بۆیە پێوەری جیاوازیەکە بە تەنها ویژدان مۆراڵی رەخنەگرەکە خۆیەتی, بەلام بە داخەوە ئەمرۆ پرۆسەی رەخنەگرتن بەو ئاقارە چەوتە هەنگاو دەهاوێژێ و لەوەش سەختر ئەوەیە کە خوێنەرێکی زۆر خویان بە خوێندنەوەی ئەو جۆرە رەخنە کلێشەدارانە گرتووە کە تەنها میسداقیەتی پرۆسەی رەخنە گرتن چەواشە دەکات و هیچی تر تەنانەت زۆر جاریش خودی بابەتەکەمەرج نیە ڕەخنە هەڵبگرێ یان بارودۆخەکە شیاوی ڕەخنەلێگرتن بێ ، یان ئەگەر جێگای تێبینی و ڕەخنەش بێت کەچی دەبینی کەسێك دێ کە کەیفی بە فلانە کەس نایەت یان عوقدەی لەگەل ئەندامی حیزبێك هەیە یانیش چاوی بەبارو دۆخەکە هەڵنایەت بۆیە دەبینی دواجار ئەم کەسە وەك تۆڵە کردنەوەیەك یان وەك ڕشتنی رقی خۆی. دێت لە هەموو سوچێکەوە ڕەخنەی روخێنەری خۆی دەگرێ و بەبێ دەستنیشان کردنی هیچ جۆرە هاوکێشەیەك چۆنی مەبەست بێت زەهری خۆی دەرێژێ واتە سەر ئەنجام دەبێتە ڕەخنەیەکی ڕوخێنەر نەك سازێنەر تەنانەت بەبێ ئەوەی حیسابێك بۆخۆی بکات کە ئەو شتەی ئەم نوسیویەتی هیچ جۆرە مەعقولیەتێکی تێدا نیە بەڵکو گرنگ لای ئەو رەشکردنەوەی لاپەرەو پێکانی مەبستەکەیەتی‌خۆیشی هەر ئەوەی دەوێ وە مەبەستی تێکدان و ڕوخاندنە, بۆیە لە نێوان ئەم دوو هاوکێشەیە ئێوە سەرپشك بن و هەڵوێستی خۆتان وەربگرن.